# The Relationship between Energy Security and the Sovereignty of the Kurdistan Region: (Conditions and Obstacles)

Shallaw Abdulkhaleq Mohammed
Department of international relations and Diplomacy, college of political science, Salahaddin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.06*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*Energy security in the Kurdistan Region of Iraq faces many local, regional, and international challenges. This placed the management of oil and gas resources in the Kurdistan region into an uncertain political and economic equation. Despite the developments in investment and trade in oil and gas in the Kurdistan Region, however, energy security in the Kurdistan Region has faced many challenges, due to the existence of many conflicts, interests, and different understandings between local, regional, and international powers. This study aims to explain and evaluate the conditions and challenges that threaten energy security in the Kurdistan Region, and then analyse their impact on the sovereignty of the Kurdistan Region through the theory of the regional security complex. The results of this study, in addition to demonstrating the role of the parties and the influential actors in how to manage and develop the energy sector in the Kurdistan Region. At the same time, it reflects the danger of reducing the level of sovereignty and independence of the Kurdistan Regional Government and the local political parties in the Kurdistan Region over the territory of the region and its energy sector.*

*Based on the results of this study, there is a dynamic and mutual relationship between energy security and the territorial sovereignty of the Kurdistan Region.*

***Keywords:*** *Energy security, oil and Gas, Regional conflicts, KRG & Baghdad, USA & Russia, Iran, Turkey, Popular Mobilization Forces*

# پەیوەندیی نێوان ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان (مەرج و ئالنگارییەکان)

**د. شاڵاو عبدالخالق محمد**
shallaw.mohammed@su.edu.krd
**زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی زانستە سیاسییەکان**
**بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دپلۆماسیەکان**

**پوختە**
ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم چەندین مەرج و ئالنگاریی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدایە. کە ئەمەش وایکردووە، بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا بکەوێتە ناو هاوکێشەیەکی نادیاری سیاسی و ئابوورییەوە. سەرەڕای بەرەوپێشچوونەکانی تایبەت بە وەبەرهێنان و بازرگانیی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان دووچاری چەندین ئالنگاری بۆتەوە، بەهۆی بوونی چەندین ململانێ و بەرژەوەندی و تێگەیشتنی جیاواز لە نێوان هێزە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەبردنی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، هەوڵدەدات لە ڕێگەی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی ئاڵۆزەوە، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بکات بۆ ئەو مەرج و ئالنگارییانەی کە ڕووبەڕووی ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان. دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، جگە لە دیاریکردنی ڕۆڵی لایەنەکان و ئەکتەرە کاریگەرەکان لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان. لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لە مەترسیی کەمکردنەوەی ئاستی سەروەری و سەربەخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات بەسەر خاکی هەرێم و کەرتی وزەکەیدا. بە پشتبەستن بە دەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پەیوەندییەکی دینامیکی و دوولایەنە لە نێوان ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

**وشە کلیلییەکان**؛ ئاسایشی وزە، نەوت و گاز، ململانێ ناوچەییەکان، هەرێمی کوردستان، بەغداد، ئەمریکا و ڕووسیا، ئێران، تورکیا، حەشدی شەعبی.

# پەیوەندیی نێوان ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان (مەرج و ئالنگارییەکان)

## پێشەکی

پاش فراوانبوونی ڕۆڵی وزە (نەوت و گاز) لە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بە تایبەتی لە سەدەی بیست و یەکدا، بەشێک لە دەوڵەت و هەرێمە دەوڵەمەندەکان بە سامانە سروشتییەکانی نەوت و گاز، بەهێزکردنی ئاسایشی وزەیان کرد بە هۆکارێک بۆ پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکەکەیان. بەڵام ئەوەی گەرەنتیی ئەو سەروەرییە دەکات بوونی کۆمەڵێک مەرج و بەرژەوەندییە کە هێز و لایەنە دەرەکی و ناوخۆییەکان هەیانە بۆ ئەو حکومەتەی یان ئەو لایەنەی کە کەرتی وزە بەڕێوەدەبات. لەسەر ئەو بنەمایە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی ئ ەو دەوڵەتانەی کە دەوڵەمەندن بەوزەی نەوت و گاز، دروستبوو.

هەرێمی کوردستانی عێراقیش، وەک هەرێمێکی دەوڵەمەند بە نەوت و گازی سروشتی، لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە، بە شێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا و لەسەر بنەمای دەستووری عێراق و یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ی تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، کار دەکات لەسەر فراوانکردنی ڕۆڵی وزەکەی لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە. بەڵام سەرەڕای پێشکەوتنەکان، هەرێمی کوردستان و کەرتی وزەکەی لەلایەن هێزە ناوخۆی و دەرەکییەکانەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک مەرج و ئالنگاری (سیاسی و ئاسایشی) بۆتەوە. هەروەها پاراستنی ئاسایش و بەردەوامیی گەشەی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بە چەندین مەرجەوە بەسراوەتەوە کە دڵنیایی دەدات بەو لایەنە ناوخۆی و دەرەکییانەی کە بەرژەوەندیی ئابووری و جیۆپۆلیتیکییان لەم ناوچەیەدا هەیە. بە پێچەوانەوە، ڕەچاونەکردنی ئەو مەرجانەش ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵەنگاری دەبێتەوە کە سەروەریی خاک و سەربەخۆیی مامەڵەی هەرێمی کوردستان بە نەوت و گازەکەی دەخاتە ژێر مەترسییەوە.

ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە ڕێگەی سێ باسەوە ئاستی پەیوەندیی ئاسایشی وزەی هەرێمی و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان دیاریبکات. و لە ڕێگەی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی ئاڵۆزەوە، سەرەتا ئەکتەرە کاریگەرەکان پاشان هەڵسەنگاندن بۆ ئەو مەرجانە بکات کە هێز و لایەنە دەرەکی و ناوخۆییەکان بۆ کەرتی وزەی کوردستان دایدەنێن. دواتر ئەو ئالنگارییانە دەستنیشانبکات کە لەکاتی جێبەجێنەکردنی ئەو مەرجانەدا سەروەری و یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە. لە کۆتاییشدا، پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی ئاسایشی و ئابووری و سیاسی لە ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی دەردەخات.

## گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە کاردەکات لەسەر دەرخستن و شیکردنەوەی ئەو مەرج و ئالنگارییانەی کە لایەن ساسییە ناوخۆیی و دەرەکییانەی دەیخەنە بەردەم ئاسایش و پێشکەوتنی

کەرتی وزەی کوردستان، و لە دواجاریشدا کاردەکاتە سەر سەروەری و یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گرنگن، چونکە بە شێوەیەکی زۆر ڕوون هۆکاری پشت ململانێ و کێشەکان دەردەخات کە لە دواجاردا، سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندیی عێراقیش دەتوانێت سوودمەندبێت لە ئەنجام و پێشنیازەکانی ئەم توێژینەوەیە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوە لەوەدایە کە مەرجی لایەنە ناوخۆی و دەرەکییەکان بە شێوەیەکی ڕوون دیارییبکات، کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان هەیە. پاشان لێکدانەوە بۆ ئەو قەیران و ناکۆکییە سیاسییە ناوخۆیی و هەرێمایەتییانە بکات، کە وادەکات کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان بخاتە ناو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی ئابووری و ئاسایشی A (complex economic and security equation). سەروەریی هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە تا چ ڕادەیەک پەیوەندیدارە بە ئاسایشی وزەی هەرێمەوە.

**پرسیاری توێژینەوە:**

سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە، بەڵام پەیوەندییەکی داینامیکی و پێچەوانە هەیە لە نێوان ئەو مەرجانەی کە لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان هەیانە بۆ ئاسایشی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان و سەروەریی خاکی هەرێم. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕێگەی پرسیاری سەرەکی و پرسیاری لاوەکییەوە وەڵامی ئەو گریمانەیە یەکلاییبکاتەوە:

پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکەمان بریتییە لەوەی کە، ئایا بەهێزی یان لاوازیی ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر سەروەری و یەکپارچەی خاکی کوردستان هەیە؟

پرسیاری لاوەکیی توێژینەوەکەش لە دوو پرسیار پێکدێت:

- ئایا مەرج و ئالانگارییەکانی هێز و لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان چین کە ڕووبەڕووی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان دەبنەوە؟ ئایا کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی ئەو کەرتە هەیە؟
- بۆچی بەرژەوەندییەکانی پشت کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناو کۆمەڵێک هاوکێشەی ئاڵۆزی ئاسایشەوە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سەروەری و یەکپارچەیی هەرێمی کوردستان هەیە؟

**میتۆدی توێژینەوە**

سەرەڕای بەکارهێنانی کۆمەڵێک داتا و زانیاری، ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی (Qualitaitive) جۆری خراوەتەڕوو، و میتۆدی شیکاری ڕەخنەی بەکارهێنراوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان. بەڵام بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لەو مەرجە زۆرانەی کە لایەن و هێزە دەرەکی و ناوخۆییەکان

خستوویانەتە بەردەم کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان لەلایەک و، ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی لە نێوان ئاسایش وزە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستاندا هەیە لەلایەکی تر. ئەم توێژینەوەیە پەنادەباتە بەر بنەما و ڕێسا ئەمنییەکانی قوتابخانەی کۆبنهاگن بە تایبەتی بەر تیۆرێکی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەژێر ناونیشانی (تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی ئاڵۆز- Regional Security Complex Theory) بەپێی ئەم تیۆرە، بنەمای پەیوەندی و ڕووداوەکان لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمایەکی ئاسایشی دارێژراوە[1].

بەپێی بنەمای زانستی ئەو تیۆرە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئاسایشی هەر وڵاتێک بەستراوەتەوە بە ئاسایشی کۆمەڵێک وڵاتی ترەوە، بە جۆرێک کە هەر مەترسییەک لەسەر ئاسایشی هەر وڵاتێک دروستبێت، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی بۆ سەر وڵاتەکانی دیکە. بە واتایەکی تر، هیچ وڵات و ئەکتەرێکی دەوڵەتی یان نادەوڵەتی ناتوانێت بەتەنها ئاسایشی خۆی بپارێزێت، چونکە کێشە و مەترسییەکان ئەوەندە ئاڵۆز و تێهەڵکێشن، ئەوەش وا لە وڵاتەکان دەکات، کێبڕکێیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت، سەرەڕای ئەوەی دژایەتی یەکتری بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا لەبەر پێویستی بە توانا ئابووری و سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەکانی یەکتری، بیر لە پرسی ئاسایشی هاوبەش بکەنەوە. دەکرێت لە ڕێگەی ئەم تیۆرەوە نەک تەنها شیکردنەوە بۆ ئەو لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتییانە بکەین کە بەرژەوەندییان بەستراوەتەوە بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو شیکردنەوە بۆ جوڵەی ئەو کۆمەڵە ئەکتەرە ناوخۆییەی ناو هەرێمی کوردستان و عێراقیش بکەین، کە لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی دابەشبوونە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا بەشدارییان کردووە و لە هەمان کاتدا خاکی هەرێمی کوردستانیشیان خستۆتە ناو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە. هەرێمی کوردستانیش، ڕاستە ئەکتەرێکی دەوڵەتی تەواو نییە، بەڵام جوڵە و کردەوەکانی زۆرجار لە ئاستی ئەکتەرێکی دەوڵەتیدا بووە، بە تایبەتی لە بواری بازرگانیی نەوتدا، بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی جووڵەکانی دەیخەینە چوارچێوەی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی ئاڵۆزەوە، کە دواتر لە بەشی یەکەمدا، بەڵگە و هۆکارەکان بە تەواوەتی دیاریدەکەین.

**کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی توێژینەکە زیاتر پەیوەندیدارە بە دەرخستنی ئەو ناڕوونییەی کە لە هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و گازدا بەدیدەکرێت لە نێوان هێزە سیاسییەکان و حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمدا. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت تیشکبخاتەسەر ئەو مەرج و داواکارییانەی کە لایەنە سیاسی و دەوڵەتەکان هەیانە و پەیوەندیدارە بە بەرژەوەندیی نەوت و گازەوە لە ڕووی ئابووری و جیۆپۆلیتیکییەوە. ئەم توێژینەوەیە جیاواز لە توێژینەوەکانی پێشتر، هەوڵدەدات بە شێوەیەکی ڕیالستیکیانە باس لە داواکاریی پارت و لایەنە سیاسەییەکان بکات کە چۆن بەرژەوەندییەکانیان کاریگەری دەبێت لەسەر ئاسایشی وزە و لە دواجاریشدا کاردەکاتە سەر سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان.

**چوارچێوەی توێژینەوە:**

سەبارەت بە چوارچێوەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی جوگرافیاوە تەنها وردنابێتەوە لەو ململانێیانەی کە لەسەر نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەناو هەرێمی کوردستان ڕوودەدەن، بەڵکو جەختیش دەکاتەوە لەو ململانێ و بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییانەشی کە پەیوەندیدارن بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و کاریگەرییان لە ئاستی یەکگرتوویی سیاسی و ئابووری و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان هەیە. بۆیە لە ئاستی عێراق باس لە کۆمەڵێک لایەن دەکەین کە کاریگەرییان دیارە، بەڵام لەسەر ئاستی دەرەکی زیاتر جەخت دەکەینەوە لەسەر کاریگەریی وڵاتەکانی (تورکیا، ئێران، ئەمریکا، بەشیک لە وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەتی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ڕووسیا). لە ڕووی کاتیشەوە، زیاتر جەخت لە ماوەی قووڵبوونەوەی ململانێکان لەسەر وزەیی هەرێمی کوردستان دەکات بە دیاریکراوی دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٢دا.

**پێکهاتەی توێژینەوە (پلانی توێژینەوە):**

سەرەڕای پێشەکی، ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە سێ باس و ئەنجامێک، بەشەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژراون:

**باسی یەکەم:** ئەم باسە پێگەی وزە و سەروەریی هەرێمی کوردستان لەناو هاوکێشە ئەمنییە ئاڵۆزەکاندا دیاریدەکات و هەوڵدەدەت لە ڕێگەی قوتابخانەی کۆبنهاگن و تیۆری کۆمەڵەی ئاسایش ئاڵۆزەوە (Regional security complex Theory)، پێگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێم و ئەو ئەکتەرانە دیاریبکات کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایش و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان هەیە.

**باسی دووەم:** لەم باسەدا ئەو مەرج و ئالنگارییە ناوخۆییانە شیدەکرێتەوە، کە لایەنە سیاسییە نێوخۆییەکان دەیخەنە بەردەم کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان و چۆن ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان.

باسی سێیەم: لەم باسەدا ئەو مەرجانە هەڵدەسەنگێنرێت و شیدەکرێنەوە کە لایەنە سیاسییە دەرەکییەکان دایدەنێن لە بەردەم کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان و چۆن ئەوەش هەرێمی کوردستانی خستۆتە ناو هاوکێشەیەکی ئاسایشی ئاڵۆزەوە، کە لە کۆتاییدا هەرێمی کوردستان و سەروەریی خاکەکەی دەخاتە ژێر مەترسییەوە.

پاشان لە ڕێگەی ئەنجامەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات سەرجەم ئەو ئەنجامانە بخاتەڕوو کە لە ڕێگەی ئەو سێ تەوەرەوە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە، و پێشنیازی گونجاویش دەخاتەڕوو.

## باسی یەکەم: پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو کۆمەڵەی ئاسایشی ئاڵۆزی ناوچەکەدا

ئۆلی ویڤەر و باری بوزان پێیانوایە لە ئێستادا زاراوەی ئاسایش زاراوەیەکی دووانەییە، و بۆ ئەوان تەنها پەیوەندیدار نییە بە ئاسایشی دەوڵەتەوە، بەڵکو ئاسایشی گرووپە نەتەوەیی و تائیفییەکانیش، کە بەشێکن لە گرووپەکانی ناو کۆمەڵگە، دەگرێتەوە (Bubandt, N., 2005, p277). کەواتە، گرووپە نیشتمانی و تائیفییەکان وەک دەوڵەتەکان، ئەکتەری ئەمنین لە

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، و دەبێت ڕەچاوی پێگەیان بکرێت. لەلایەکی تریشـەوە، ئاسـایشـی دەوڵەت لەوە ســـەرچاوەدەگرێت کە ســـەروەری هەبێت و بیەوێت بیپارێزێت چونکە ئەگەر دەوڵەت سەروەری لەدەستبدات، ئەوا ئەو دەوڵەتە چیتر نابێت.

بەهەمان شـێوەی دەوڵەت، گرووپە نەتەوەیی و تائیفییەکان خاوەنی ناسـنامەن و ئەگەر ئەو شـوناسـەیان لەدەسـتبدەن، ئەوا ئەو گرووپە نەتەوەییە یان تایفییە چیتر نامێنێت. کەواتە بە پشـــتبەســـتن بە چوارچێوەی تیۆریی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەکرێ بڵێین نەتەوەی کورد وەک ئەکتەرێکی ئەمنیی نادەوڵەتی لە چوارچێوەی هەریەک لە دەوڵەتە میواندارەکانیدا ســـەیربکرێت. لە کاتێکدا ڕاســتە هەر یەک لەو دەوڵەتانەی (تورکیا، ئێران، عێراق و ســوریا) کە کورد بەســەر ئەمانەوە دابەشــبووە، ئەکتەری ئەمنین بەوەی ســـەروەرن و ســـوپای نیشـــتمانییان هەیە، بۆ پاراســتنی ئەو ســەروەرییە ئەگەر هێرش بکرێتە ســەر خاکەکەیان، بەڵام کوردیش ســەروەری ناســـنامەکەی لە ڕێگەی زمان و کلتوور و خاکەوە دروســـتکردووە، و وایکردووە کە نەتوانن سەروەریی ئەو وڵاتانە هەمیشە پارێزراو بێت. چونکە ئاسایشی گرووپە نەتەوەیی و تائیفییەکان نەرمتر و جووڵاوترە بە بەراورد بە ئاسـایشـی دەوڵەتەکان، بەو پێیەی سـنوورە دیاریکراوەکان دەوڵەتەکان تێدەپەڕێنێت. بۆ نموونە ئاســـایشـــی نەتەوەی کورد درێژدەبێتەوە و جوگرافیای چوار دەوڵەت دەگرێتەوە، یان ناســـنامەی ســـوننە زۆرێک لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت دەگرێتەوە، یان ناسـنامەی تائیفەی شـیعە بە ناو ئاسـایشـی بەشـێکی وڵاتانی ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوات و سەروەرییەکەشیان دەخاتە ناو بارودۆخی نادڵنیاییەوە.

قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیانوایە کە ئەو هەڕەشـــەی کە ڕووبەڕووی گرووپە ناســیۆنالیســـت و تائیفییەکان دەبنەوە قووڵتر و مەترســـیدارترن لەو هەڕەشـــانەی کە ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە:(Hama, H.H., 2020, p301):

١. هەڕەشەی کۆچی زۆرەملێ (گۆڕانکاریی دیمۆگرافی لە دانیشتووان).
٢. هەڕەشـە ئاسـۆییەکان (کۆمەڵگە کاریگەریی کلتوورێکی باڵادەسـتی لەسـەرە، بۆ نموونە کلتوری ڕووسی بەسەر کۆمەڵگەی ئۆکرانیادا).
٣. هەڕەشە ستوونەییەکان (کۆمەڵگەیەک کە لەژێر هەڕەشەی دابەشبوون یان یەککگرتندایە. بۆ نموونە یەکێتیی ئەورووپا یان یوگۆسـلاڤیای پێشـوو)، هەڕەشـەی سـەربازی (ناوخۆیی یان دەرەکی).
٤. هەڕەشە سیاسییەکان (گۆشـەگیریی کەمینەکان، بۆ نموونە کوردانی ژێر دەستی عێراقی بەعسی).
٥. مەترسییەکانی ژینگە (لەناوبردنی ئەو خاکەی کە دانیشتووانەکەی تێیدا نیشتەجێن).
٦. هەڕەشـە ئابوورییەکان (مەترسـی لەسـەر مۆدێلی ئابووری و بەشـکردنەوەی داهاتەکان بە شێوەیەکی دادوەرانە).

کەواتە بەپێی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاسایشی دەوڵەت لەگەڵ ئاسایشی گرووپە نەتەوەیی و تائیفییەکان مەرج نییە لەگەڵ یەکتردا بگونجێت. بەو پێیەش بێت ئاسـایشـی نەتەوەیی کورد هاوتەریب نییە لەگەڵ ئاسایشی ئەو دەوڵەتانەی کە بەسەریدا دابەشکراوە، بۆ نموونە مەرج نییە ئاسـایشـی دەوڵەتی عێراق لە ڕابردوودا و لە ئێستاشدا، لەگەڵ ئاسایشـی دانیشـتووانی کورد لە هەرێمی کوردستان هاوتەریب بێت. چونکە کاتێک ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٣دا عێراقی ڕزگارکرد، کوردەکانی عێراق وەک هەڕەشـەیەک سـەیری ئەمریکایان نەدەکرد؛ بەڵکو کورد ئەمریکای وەک ڕزگارکەرێک دەبینی. لێرەوە لەم نموونەیەدا ئەمریکا هێزێکی داگیرکەر بوو بۆ دەوڵەتی عێراق بەڵام ڕزگارکەر بوو بۆ نەتەوەی کورد لەناو عێراقدا (Hama, H.H., 2020, p304). کەواتە کورد وەک نەتەوە لەناو هاوکێشـەیەکی ئاڵۆزدایە، کە سـەروەریی چوار دەوڵەت دەبڕێت و ئاسایشی سێ نەتەوەی خاوەن دەوڵەتیش (عەرەب، فارس، تورک) دەخاتە ژێر پرسیارەوە، دەیان خاتە بارودۆخی نادڵنیاییەوە.

سەبارەت بە دروستبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان، دانیشتوانی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١، تا ٢٠٠٣ توانیان سوود لەو گۆڕانکارییە وەربگرن کە لە سیستەمی جیهانیدا ڕوویدا، بە تایبەتی دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێت و گواستنەوەی سیستەمی جیهانی لە دوو جەمسەرییەوە بۆ تاک جەمسەری و باڵادەستبوونی سیستەمی لیبراڵی و بنەما و پرنسیپەکانی لە سەرانسەی جیهاندا. چونکە پرۆسەی ڕزگاریی عێراق بە سەرکردایەتیی ئەمریکا دژ بە ڕژێمی بەعس (سەدام حسێن)، هەرێمی کوردستان وەک ئاکتەری نادەوڵەتی دیفاکتۆ سوودمەند بوو، و توانی سوود لە پرەنسیپی بەرپرسیارێتیی پاراستن ببینێت (Responsibility to protect-R2P).[٢] بڕیاری (٦٨٨)یش کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرکرا لە ١٩٩١/٤/٥دا، بۆ پاراستنی کورد لە هێرش و هەڕەشەکانی ڕژێمی عێراق بە سەرۆکایەتیی سەدام حسێن، دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو پرەنسیپە نێودەوڵەتییەوە (Williams, P.R., Ulbrick, J.T. and Worboys, J., 2012, p. 473). دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥دا و لە ڕێگەی دەستووری نوێی عێراقەوە ببێت بە هەرێمێکی یاسایی، کە خاوەنی چەندین مافەی سیاسی و یاسایی و داراییە. کە دەتوانین بڵێین هاوبەشی لە بەڕێوەبردنی نەوت و گاز یەکێکە لەو مافە ئابوورییانەی کە هەرێم وەک کیانێکی سیاسی و یاسایی لە ڕێگەی دەستووری نوێی عێراقەوە بە تایبەتی ماددەکانی (١١١، ١١٢) بەدەستیهێناوە. و بەکارهێنانی کارتی وزە (نەوت و گاز)، یەکێک بوو لەو فاکتەرە بەهێزانەی کە هەرێمی کوردستانی بردە ئاستێکی بەرزتر لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی. یەکێک لە هۆکارە بەهێزەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەرێمی کوردستان بەپێی داتاکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، خاوەنی ٤٥ ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی خاو و ٢٥ ترلیۆن پێ سێجا یەدەگی غازی سەلمێنراو و تا ١٩٨ tcf غازی تاڕادەیەکی زۆر نەسەلمێنراو دەخەمڵێنێت (Florian A. & Dahlia, Z., 2022, n.d).

بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ ەوە، بە تایبەتی دوای دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراقی، تا ئێستا هەرێمی کوردستان دووچاری چەندین کێشە و ئالنگاری بۆتەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا لەسەر چۆنێتی و مافی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز بە تایبەتی لەسەر ئەو کێڵگە نوێیانەی کە دەکەنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەپێی قوتابخانەی کۆپنهاگن و تیۆری کۆمەڵەی هەرێمی ئالۆز، ئەگەر کاراکتەرەکانی ناو ئەو ململانێیە دیاریبکەین کە پەیوەندیدارن بە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە، بۆمان دەردەکەوێت لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و لەسەر ئاستی دەرەکی، بەرژەوەندییەکان و پرسە سیاسی و ئاسایشییەکانی ئەو ئەکتەر و لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییانە بە شێوەیەکی ئالۆز کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان لە لایەک و سەروەری خاکەکەی لە لایەکی تر هەیە.

دەتوانین بڵێین ململانێکان لەسەر کەرتی وزەی هەرێم و ئالۆزییەکانی ناوچەکە تێکەڵاوی یەکتربوون و وایکردووە لایەنەکان مەرجی تایبەت و پێشوەختەیان هەبێت بۆ کەرتی وزەی کوردستان، و بە جێبەجێنەکردنی ئەو مەرجانە سەروەریی خاکی هەرێم بەردەوام دەخاتە ژێر مەترسییەوە، کە لە بەشی دووەم و سێیەمدا بە تەواوەتی ئەو پەیوەندییە شیدەکەینەوە. لێرەدا گرنگترین ئەو لایەنە کاریگەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەستنیشاندەکەین، کە بیروبۆچوون و مەرجی جیاوازیان بۆ چۆنێتیی بەرەوپێشچوونی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان هەیە، و جێبەجێنەکاردنی ئەو مەرجانەش کاریگەرییان دەبێت لەسەر سەروەریی خاکی هەرێم. لە گرنگترین ئەو لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییانە بریتین لە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان(لایەنی فەرمی)

٢- پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان (لایەنی نافەرمیی کاریگەر)

٣-حکومەتی ناوەندیی عێراق لە بەغدا (لایەنی فەرمی)

٤-لە ئاستی هەرێمیش دەوڵەتانی (لایەنی ناڕاستەوخۆ- ئێران و تورکیا)

٥- لە ئاستی نێودەوڵەتی (ناڕاستەخۆ- ئەمریکا و بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا، و ڕووسیا).

دیاریکردنی ئەم هێز و لایەنە سیاسی و دەوڵەتانە لەسەر بنەمای جیۆپۆلیتیکی و باڵادەستییان دێت لەسەر ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان، کە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییەکانیان دەسەپێنن. هەروەها لە ڕێگەی بوونی بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆ لەناو کەرتی وزەی هەرێم لە ڕێگەی کۆمپانیا نەوتی و گازییەکانیان وەبەرهێنان لەناو هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدەدەن. بۆ نموونە؛ لە ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان کۆمپانیاکانی وەک، کار گرووپ، و قەیوان گرووپ، Energy Genel گەناڵ ئینێرجی, ئێچ کەی ئێن HKN، Petrpleum Addax ئاداکس، ShaMaran، Taqa تاقە، ئیم ئۆ ئێڵ MOL، Petroleum Forza فۆرزا، Chevron شیڤرۆن، دی ئێن ئۆ DNO، TEC کۆمپانیای وزەی توریک، گاز پرۆم Gazprom Zagros Western. ئەم کۆمپانیایانەش نوێنەرایەتی بەشی زۆری بەرژەوەندیی ئەو هێزانە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی وزەی کوردستان هەیە وەک لە نەخشە و خشتەکەدا دیاریمان کردوون (Ibid, Florian A., 2022, n.d).

**خشتەی هێزە کاریگەرەکانی سەر کەرتی وزەی هەرێمی کاردستان**

| | هێزە نێوخۆییەکان | هێزە هەرێمایەتییەکان | زلهێزە نێودەوڵەتییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | **حکومەتی هەرێمی کوردستان-** (لایەنی فەرمی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی هەرێم) | **تورکیا** (هاوسنوور و بوونی کۆمپانیا و ڕێڕەوی بازرگانی بۆ وزەی هەرێم) | **ئەمریکا** (کۆنترۆڵکردنی و چاودێریی بەرژەوەندییەکانی وزە – بۆ ڕاگرتنی هێز و هاوسەنگیی ململانێکانی وزە) |
| ٢ | **پارتی دیموکراتی کوردستان** (بالادەستی لە بەشێکی جوگرافیای ناو هەرێمی کوردستان) | | **وڵاتانی ئەوروپا** (فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەنموونە) مەترسی کەموونەوەی وزە و بوونی پێویستی بۆ وزەی هەرێم |
| ٣ | **یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان** (بالادەستی لە بەشێکی جوگرافیای ناو هەرێمی کوردستان) | **ئێران** (دراوسێ و دەوڵەمەند بە نەوت و گاز- کاریگەرییەکی زۆر لەسەر حکومەتی عێراقی زۆرینەی شیعە) | **ڕووسیا** (کۆنترۆڵکردنی و چاودێری بەرژەوەندییەکانی وزە – بۆ ڕاگرتنی هێز و هاوسەنگی ململانێکانی وزە) |
| ٤ | **حکومەتی ناوەندی عێراق- بەغداد** | | |

**(سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر)**

سەبارەت بە ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان لەناو هاوکێشەی ئاڵۆزی هێزە دەرەکی و ناوخۆییەکاندا: هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ئەکتەرە نادەوڵەتییانەی کە خاوەنی سەروەریی تەواوی خۆی نییە و لە هەمان کاتیشدا، پاراستن و مانەوە و گەشەی ئەم هەرێمە لە بەردەم چەندین داواکاری و ئاڵەنگاریی ئاسایشی و سیاسیی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدایە. سەرەڕای ئەوەی بەشی زۆری وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوت و گاز، هەوڵدەدەن سوود لە وزەکەیان وەربگرن لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە، بەڵام مەرج نییە هەموویان ستراتیجی بەهێز دابڕێژن بۆ ئەوەی ئاسایشی وزەکەیان بەکاربهێنن بۆ پاراستنی سەروەریی خاکەکەیان و دوورخستنەوەی وڵاتەکەیان لە هەر هەڕەشە و مەترسییەک کە بەهۆی ململانێ لەسەر وزە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. چونکە ئەگەر هەندێک لە وڵاتانی هەناردەکاری وزە سەرکەوتووبوون لە بەکارهێنانی وزە وەک چەکێک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەیان، وەک ئەوەی کە ڕووسیا لە دوای شەڕی ئۆکرانیاوە گازی سروشتی و نەوتی دژی وڵاتانی ئەورووپا بەکارهێنا. (Boute, A., 2022, P.741)

بەڵام چەندین نموونەشمان هەن کە نەیانتوانی وزە وەکو چەکێک دژی وڵاتانی هاوردەکار و ڕۆژئاوا بەکاربهێنن، وەک وڵاتانی عەرەبی سەرەڕای ئەوەی لە شەڕی عەرەب ئیسرائیلدا، هەوڵیاندا بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت لە ساڵی ١٩٧٣، بەڵام نەگەیشتن بە ئامانجە سیاسی و ئەمنییەکانیان (Licklider, R.E., 1982. p.365). بەواتایەکی تر، کۆمەڵەی هاوکێشەی ئاسایشییە ئابوورییەکان لە ڕووی ئاڵۆزییەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، کە ئەمەش وایکردووە بەکارهێنانی وزەی نەوت و گاز وەک چەکێکی ستراتیژی بە درێژایی سەدەی بیستەم لە هەموو کاتێکدا سەرکەوتوو نەبوو (Anthony H. Cordesman A. Burke. 2006, p.42).

لە ئێستاشدا هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناو هاوکێشەیەکی ئابووری و ئاسایشیەوە بە جۆرێک ئاڵۆزە، کە زۆر قورسە بتوانێت وزەکەی وەک چەکێک دژی وڵاتانی هاوردەکار بەکاربهێنێت. بۆ نموونە ئەستەمە هەرێم بتوانێت وزەکەی بە تەواوی دژی تورکیا بەکاربهێنێت و وای لێبکات ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی بە تەواوی بەرانبەر هەرێم بگۆڕێت، تەنها لەبەر بوونی بەرژەوەندیی وزە، چونکە سەرەڕای ئەوەی تورکیا هێزێکی گەورە و بەهێزە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، لەهەمانکاتدا چەندین بژاردەی تری هەیە جگە لە هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی وزە لەنێویاندا (ئێران، ڕووسیا، ئازربایجان، قەتەر) (Austvik, O.& Rzayeva, G., 2017, p.540).

کەواتە هەرێم لەناو هاوکێشەیەکی داخراوی ئاڵۆزدایە بەرانبەر بەو وڵاتانەی پێویستییان بە وزەی هەرێمی کوردستان هەیە. لەوەش زیاتر، کاتێک هەرێمی کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی کە بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی یاسایی، و حکومەتی نوێی عێراقیش بەرژەوەندییەکانی بە هاوکێشە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەکانی وڵاتانی هەرێمی (ئێران، تورکیا) و نێودەوڵەتییەکان (ئەمریکا، ڕووسیا، وڵاتانی ئەوروپا) بەستراوەتەوە (Fazil, S. & Tartir, A., 2023, nd)، بۆیە حکومەتی هەرێم ناتوانێت بە شێوەیەکی سادە زاڵبێت بەسەر ئەو ئالنگارییانەی کە حکومەتی بەغدا دروستیدەکات بۆ کەرتی وزەی کوردستان لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا. بۆیە لە بەرانبەردا، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم ململانێی قووڵی هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر چەندین بابەتی نەتەوەیی و خاک و ئاسایش و دارایی، ئەمە دەبێت وا لە هەرێم بکات لە کاتی دانانی پلان و گرتنەبەری هەر هەنگاوێک بۆ پێشخستنی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، تەنها ڕەچاوی بەرژەوەندییە دەرەکی یان ناوخۆییەکان نەکات، کە هۆکارێکن بۆ پێشخستنی ئەو کەرتە، بەڵکو دەبێت لە هەمان کاتدا ڕەچاوی سەرجەم ئەو ئامانجانە بکات کە بەرژەوەندی و ململانێکانی پێوە بەستراوەتەوە لەسەر هەرسێ ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی.

سەبارەت بە هاوکێشەی ئاڵۆزی ناوخۆیی، هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆی هەرێم و عێراقیش دووبارە ڕووبەڕووی کێشە و ململانێی جیاواز بۆتەوە. چونکە لەلایەک دووچاری کێشەی چۆنێتیی بەڕێوەبردنی ئەم کەرتە بۆتەوە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان. لە لایەکی تریش، لەبەر نەبوونی یاسایەکی نوێی و ڕوون کە لەسەر بنەمای دەستووری نوێی عێراقی دانرابێت بە تایبەتی مادەکانی (١١١، ١١٢)، دووبارە دووچاری چەندین کێشە و ململانێی یاسایی و سیاسی و ئابووری بۆتەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغداد (Wahab, B., 2014, p. 11). کە لێرەدا، ئەو داواکاری و ململانێیانە هەرێمی کوردستانیان خستۆتە ناو دوو جۆرە هاوکێشەی ئاڵۆزی مەترسیدارەوە: یەکەم: هاوکێشەی ئاڵۆزی لایەنە سیاسییە کوردییەکان و لایەنە سیاسییە باڵادەستەکانی شیعەی حکومەتی ناوەندی لەناو عێراقدا. دووەم: هاوکێشەی ئاڵۆزی هەرێمایەتی و هێزە نێودەوڵەتییەکان. کە لە بەشی دووەم و سێیەمدا لە ڕێگەی باسکردنی مەرج و ئالنگارییەکانەوە شیکردنەوەیان بۆ دەکەین.

## باسی دووەم: ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەرج وئالنگارییە ناوخۆییەکاندا

بەهێزی و لاوازیی ئاسایشی وزە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاستی پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان. و هەر بەربەست و مەرجێک کە لەبەردەم پێشکەوتنی کەرتی وزەی هەرێم دادەنرێت، لە کاتی لانەبردنی ئەو بەربەستانە یان جێبەجێکردنی مەرجەکان، ئەگەری زۆری هەیە کە سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێر مەترسییەوە. لەم بەشەدا، باس لەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە دەکەین کە لە نێوان ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستاندا هەیە. هەوڵدەدەین ئاستی مەترسیی ئەو مەرج و ئالنگارییانە شیبکەینەوە کە پەیوەندیدارن بە ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی هەرێمی کوردستان و ئاستی عێراقدا و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان.

لە ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لایەنە باڵادەستە سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک مەرج و تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ چۆنێتیی بەڕێوەبردنی کەرتی وزەی نەوت و گاز هەیە، ئەمەش ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی هەرێمی خستۆتە ناو بارودۆخی نادڵنیاییەوە. ئامانج لەو ململانێیانەش، گەیشتنە بە باڵادەستییەکی یەکسان بۆ سوودمەندبوون لە سامانە سروشتییەکانی نەوت و گاز بە شێوەیەکی یەکسان، لە نێوان هەردوو زۆنی باڵادەستی یەکێتیی نیشتیمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان. کە دەتوانین بڵێین ئەگەر حکومەتی هەرێم باڵادەستنەبێت لە بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکانی نەوت و گازدا، ئەوا سوودمەندبوونی یەکسان کارێکی مەحاڵە. چونکە هیچ کام لە پارتە باڵادەستەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافیای وزەوە، نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی بەڕێوەبردنی سەرجەم کێڵگە نەوتی و گازییەکانی ناو هەرێمی کوردستان بکەن. هەروەها لە ڕووی یاساییشەوە ئەم کۆنترۆڵکردنە ڕێگەپێدروا نییە بەپێی یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)ی (٢٠٠٧) (Crawford, J., 2008, n.d). و هەمواری هەمان یاسا ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٢٢ (وەقائیعی کوردستان، ٢٠٢٢، لا١١)

دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی فەرمی بەخشراوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و ئەنجوومەنی هەرێمی نەوت و گاز.

لەلایەکی تریش، لەبەر نەبوونی متمانە و دڵنیانەبوون لە ڕێژەی داهاتی سنووری ئیدارەی یەکێتیی نێشتیمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دۆسیەی نەوت و گازیشدا لایەنەکان هەوڵدەدەن لەلایەک بە یەکسانی بەرژەوەندییەکانی نەوت و گاز لە نێوایاندا دابەشبکرێت. لەلایەکی تریش، باڵادەستیی یەکسانیان هەبێت لە بەڕێوەبدردنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و کێڵگەکانی نەوت و گازدا. کە ئەمەش کارێکی مەحاڵە چونکە کێڵگە و ڕێژەی یەدەگی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان شارەکانی هەردوو زۆنی باڵادەستی پارتی دیموکراتی کورستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دابەشنەبووە (Mills, R., 2016. pp.18) &(Maghdid, R.S. and Din, B.H., 2019, p.495).

کەواتە، ئەگەر لە ئاڵۆزیی هاوکێشەکانی ئاسایشی وزە وردبینەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێت لە ڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە هیچ پارتێکی سیاسی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر سەرجەم کێڵگە نەوتی و گازییەکاندا نییە (Mills, R., 2016. pp. 23). هەرچەندە زۆرینەی کێڵگە نەوتییەکان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لەبەر ئەوەی کوالیتیی ئەو نەوتە نزمە، بەشێک لە پسپۆڕانی جیۆلۆجی و ئەندازیارانی نەوت پێیانوایە دەبێت لەگەڵ نەوتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی تێکەڵبکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بازاڕی هەبێت. لەلایەکی تریش، لە ئیدارەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی ئومێدێکی زۆری بە دەسەڵاتی ئەو پارتە بەخشیوە کە لەوێ دەسەڵاتدارە (یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان)؛ بۆ نموونە ڕێژەی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە هەردوو کێڵگەی نەوتی خۆر مۆر و چەمچەماڵ لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ گەیشتە ٤٥٢ ملیۆن مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا، ئەمەش بە پێی پرۆژەیەکی نوێی نێوان کۆمپانیای داناگاز و کۆمەڵەیەکی گەشەپێدانی دارایی ئەمریکی کە بە KM250 ناسراوە، مەزەندەکراوە کە ڕەنگە زۆرینەی غازی سروشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا بێت، سەبارەت بە کێڵگەی خۆر مۆر، کۆمپانیای داناگاز پرۆژەکانی فراواندەکات تا بتوانێت بەرهەمهێنان تا مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٢٣ بگەیەنێتە ٧٠٠ ملیۆن مەتر سێجا لە ڕۆژێکدا، دوای ئەوە ئامانجی کۆمپانیای داناگاز ئەوەیە ڕێژەکە ڕۆژانە بگەیەنێتە ١ یەک ملیار مەتر سێجا تا ساڵی ٢٠٢٥-(Mills, R. & Salman, M., 2020, p.1 30).

سەبارەت بە ڕێژە و دابەشبوونی کێڵگەکانی گازی سروشتی کە ئێستا کێشمەکێشی زۆری لەسەرە لە نێوان هەردوو ناوچەی باڵادەستی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێت دابەشبوونێکی تەواو هەیە و هیچ پارتێک بە تەواوی باڵادەست نییە، و کێڵگەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشبوونە(Draw Media, June 2022, N.d) :

**خشتەی یەدەگی کێڵگە گازییەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان**

| یەدەگی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتیمانی | یەدەگی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی |
|---|---|
| •کێڵگەی خور مۆر: ٨.٢ ترلیۆن پی سێجا | •کێڵگەی بانەباوێ: ٧.١ ترلیۆن پێی سێجا |
| •کێڵگەی چەمچەماڵ: ٤.٤ ترلیۆن پێی سێجا | •کێڵگەی خورمەڵە: ٢ ترلیۆن و ٢٦٠ ملیار مەتر سێجا |
| •کێڵگەی میران: ٣.٤٦ ترلیۆن پی سێجا | •کێڵگەی شێخان: ٩٠٠ ملیار پێ سێجا |
| •کێڵگەی پاڵکانە: ١.٦ تریلیۆن پی سێجا | •کێڵگەی پیرمام: ٨٨٠ ملیار پێ سێجا |

ئەم دابەشبوونە لە ڕووی جوگرافییەوە، بیانووی داوە بە پارتە سیاسییە باڵادەستەکان لەناو هەرێمی کوردستاندا، کە زۆرجار کارتی وزە وەکو فشار لە دژی یەکتری یان حکومەتی هەرێم بەکاربهێنن، و پێشکەوتنی ئەم کەرتە بیکەن بە مەرجێک بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێ سیاسی و ئابوورییەکان.

لە ئاستی عێراقیشدا، ئاراستەی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا زیاتر بەرەو بەناوەندیکردن (Centralization) دەڕوات، ئاراستەی حکومەتی هەرێمیش بەرەو بەناناوەندیکردنی-(De-Centralization) سەرجەم پرسەکان بە پشتبەستن بە دستووری نوێی عێراقی (Fitzsimmons, M.F., 2008, p.7). کە ئەمەش وایکردووە، پلانێکی تۆکمەی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی هاوبەش نەبێت لە نێوان هەردوولادا، بەڵکو هەمیشە هەوڵەکان بۆ لەتبوون یان دروستکردنی سیستەمی ئاسایشی دوانەیی دەردەکەوێت. هەر بۆیەش لەناو یەک دەوڵەتدا، کە جوگرافیا و خاک و خەڵک هاوبەشە، دانانی مەرج لەلایەن پارتێک یان پێکهاتەیەک کە ناوچەیەکی جوگرافی و کارگێڕی هەروەها هێزێکی ئاسایشی و سەربازی لەبەردەستبێت، ئەوا سەروەریی خاک و بەرژەوەندیی ئابوورییەکەی بە تایبەتی کەرتی نەوت و گازەکەی دووچاری هەڕەشەی بەردەوام دەبێتەوە. کەواتە ئاسایشی وزەی هەرێمی کوردستانە کەوتۆتە ناو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی پڕ لە مەرج و ئالنگارییەوە کە لەنێوان لەتبوونی ئاسایشی و نەبوونی سەروەریدا، سەروەریی خاکی هەرێمیشی خستۆتە ژێر مەترسییەوە.

هەروەها لە نێوان حکومەتی ناوەندی لە بەغدا و حکومەتی هەرێم بە هەمان شێوە کێشە و ململانێ هەیە لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز. سەرەڕای ئەوەی لە دەستوور تاڕادەیەک ئاماژەی پێدراوە لە بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگەنەوتی و گازییە نوێیەکان، بەڵام حکومەتی ناوەندی بە بیانووی سیاسی بە هۆکاری نەبوونی یاسای نوێی نەوت و گاز، تا ئێستا پێیوایە حکومەتی هەرێم مافی بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی گرێبەست و فرۆشتنی ڕەهای نەوت و گازی نییە، بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا. کە بەپێی مادەی (١١٢) دەستووری نوێی عێراق مافی بەڕێوربردنی نەوت و گاز لە کێڵگە نوێیەکان بە هاوبەشی ڕێگەپێیدراوە. هەروەک وەزیری دادی هەرێمی کوردستان بەڕێز (فەرسەت ئەحمەد) لە

لیکۆڵینەوەیەکدا ئاماژەی بەوەداوە کە لە ماددەکانی (١١١، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٥)، هەموو ئەو دەسەڵات و سیاسەتانەی دیاریکراوە، کە دەبێت حکومەتی ناوەندی بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتە هەرێمی و لۆکاڵییەکان دایبڕێژێت و بەڕێوەیببەرێت، لە ئەنجامی ئەو لیکۆڵینەوەیەدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بەڕێوەبردنی نەوت و گاز تەنها ناکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندیی عێراق، چونکە لە ماددەی (١١٠)، بە ڕاشکاوی لە ڕێگەی نۆ بڕگەوە دەسەڵاتە باڵاکانی حکومەتی ناوەندی دیاریکردووە (أحمد، ٢٠٢٢، ل٣٠٩٧-٣٩٦)[٣]. واتە ئەوەی دەمێنێتەوە، دەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەڕێوەببرێت، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە حکومەتی هەرێم بەپێی دەستور مافی بەڕێوەبردن و هەناردەکردنی نییە.

لەلایەکی تریش، حکومەتی ناوەندیی عێراق لە بەغدا پێیوایە دەبێت بودجەی هەرێمیش وەکو تەواوی عێراق لەلایەن حکومەتی ناوەندی کۆنترۆڵبکرێت، هەر بۆیەش لە دوای پەسەندکردنی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢١ەوە ناردنی بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان هەمیشە کێشەی تێکەوتووە بە تەواوەتی نەیانناردووە. کەواتە لە ئاستی عێراقیشدا، هاوکێشەکان زۆر ئاڵۆزترن و ئاسایشی وزەی هەرێم کەوتۆتە ناو کۆمەڵێک مەرج و ئالنگاریی جیاوازترەوە. چونکە حکومەت و وەزارەتی نەوتی عێراقی کاتێک پێشکەوتنی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پلانی مەرکەزی ئەوانەوە نەبێت یان وەڵامدەرەوەی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان نەبێت، ئەوا چەندین مەرج دەخەنە بەردەم، ئەگەرنا لە ڕێگەی نموونەی ئەو بڕیارەی لە دادگای فیدراڵی دەرچوو لە ساڵی ٢٠٢٢ دژی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان[٤]، مەرجی یاسایی دەکەن بە بەربەست بۆ ڕاگرتنی پێشوەچوونی کەرتی وزەی هەرێم، ئەگەر هەرێم بەوە نەوەستێت وەک ئەوەی چەندین ساڵە ئەو کێشە یاساییانە هەیە، ئەوا وەزارەتی نەوتی عێراقی لەناو بازاڕەکانی فرۆشتنی نەوت و گاز کێشە بۆ حکومەتی هەرێم دروستدەکات، لەوەش زیاتر لە دادگای ناوبژیوانییە نێودەوڵەتییەکان، سکاڵا دژی کڕیاران و ئەو لایەنانە دەکات کە هاوکاربوون لە هەناردەکردنی وزەی هەرێم بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا. وەک ئەو سکاڵایەی کە وەزارەتی نەوت دژی حکومەتی تورکیا لە دادگای ناوبژیوانی لە پاریس (the International Court of Arbitration (ICA)) پێشکەشی کردبوو دژی حکومەتی تورکیا و لە چەند خاڵێکدا بە تایبەت سەبارەت بە ئەمبارکردنی نەوتی عێراق لە بەندەری جیهان و بەکارهێنانی بۆرییەکەی حکومەتی عێراق لە تورکیای بردەوە[٥].

هەروەها لە ئاستی ناوخۆشدا حکومەتی عێراقی جووڵە یاساییەکانی لە دژی پرۆسەی نەوت و گازی هەرێم بەردەوام بووە، بۆ نموونە، لەلایەک لە دانیشتنێکدا لە ئۆگەستی ٢٠٢٢، دادگای بازرگانی کەرخ لە بەغدا داوای لە هەر چوار کۆمپانیای DNO – ی نەرویج، کۆمپانیای Genel Energy کە لە لیستی بەریتانیادایە، و ویستەرن زاگرۆسی کەنەدا و کۆمپانیای HKN ی ئەمریکی – کە ئامادەبن لە دادگا لە تانەدان بۆ گوێگرتن لەو تۆمەتانەی کە وەزارەتی نەوتی عێراقی دژیان بەرزیکردۆتەوە (Iraqi oil report, 2022, N.d). لەلایەکی تریش، دەسەڵاتدارانی بەغدا لە ڕێگەی یاسای بودجەی عێراق کە لە مانگی ٦ی٢٠٢٣ لەلایەن پەرلەمانی عێراق پەسەندکرا، هەوڵدەدات بە تەواوەتی سیستەمی ئابووریی عێراق بەرەو ناوەندگەرای ببات و

کۆنترۆڵکردنی نەوت و گازیش هەنگاوبەهەنگاو بە تەواوەتی بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لەوەش زیاتر ئەو مەترسییانەی کە لە ڕووی گرووپە چەکدارە نایاسایییە گومانلێکراوەکانی حەشدی شەعبی دروستدەکرێت، کە زۆرجار هێرشی چەکداری دەکەنە سەر کێڵگە گازی و نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان. وەک ئەو هێرشە موشەکییانەی ئاراستەی کێڵگەی غازی خۆر مۆر کران لە ١٣ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢دا (Rueters, 2022, N.d).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، سەرجەم ئەو ئالنگارییانەی لەسەروە ئاماژەمان پێدان، بە تایبەتی ناکۆکییەکانی ناو هەرێمی کوردستان و ئەو ململانێ یاسایی و ئابووری و سیاسییانەی کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا هەن، بە تایبەتی دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای ناوبژیوانی لە پاریس و پەسەنکردنی بودجەی عێراق بۆ ساڵەکانی ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٥ ناکۆکییەکان زیاتر بەرەو قووڵبوونەوە دەبات لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، چونکە پارتە سیاسییەکانی کوردستان یەک بەرنامەی هاوبەشیان نییە، هەروەها وەک دیارە یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، زیاتر مەیلی لەسەر کۆنترۆڵکردنەوەی کەرتی وزەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندی و پێی باشە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆماپانیای سۆمۆوە بێت.

بۆیە دەتونین بڵێین دەرەنجامی ئەو ئالنگاری و ململانێیانە پەیوەندیدارە بە مەرجی خاوەندارێتی لە ئاستی ناوخۆی هەرێم و عێراقدا، کێشەی ئاسایشی بۆ کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان دروستدەکەن و سەروەریی یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستانی دەخاتە ژێر مەترسییەوە. ئەو ململانێیانەش دەکەوێتە چوارچێوەیەکەوە، کە زیاتر چەمکی دۆست و دوژمنی تێیادا سەرهەڵدەدات، کە لەلایەک پارتە سیاسییە کوردستانیە باڵادەستەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەرانبەر یەکتری بەکاریدەهێنن. لەلایەکی تریش، حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا ئەو چەمکانە لە ڕێگەی بانگەشە و بە شێوەیەکی پراکتیکی لە دژی یەکتری بەکاریدەهێنن، تا ئەوکاتەی لایەکیان سازش لەسەر مافی خۆی دەکات، ئەوکات دەگەنە ڕێکەوتن.

## باسی سێیەم: ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەرج و ئالنگارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا

لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی مەرجەکانی وڵاتانی دراوسێی هەرێم و زلهێزەکانی ناوچەکە کەم نین بەرانبەر هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان لە نێوانیاندا (ئێران، تورکیا، وڵاتانی کەنداو، ئەمریکا وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و ڕووسیا) هەیە. هەر یەکێک لەو دەوڵەتانە بە ئاستێکی جیاواز و بە مەبەستێکی جیاواز کۆمەڵێک مەرجیان بۆ هەرێمی کوردستان و ئاستی گەشەی وزەکەی هەیە. کە ئەمەش وایکردووە، بابەتی وزە بۆ هەرێمی کوردستان بە تەواوی بە جۆری هاوپەیمانێتییە ئاسایشییەکانەوە ببەسترێتەوە.

سەبارەت بە مەرجە هەرێمایەتییەکان، مەرجی پێشوەختەی ئێرانییەکان بە تەواوی جیاوزە لە مەرجی تورکەکان و وڵاتانی کەنداو. هەر بۆیە هەرێمی کوردستان پێویستە سەرەتا ئامانج و هاوکێشە ئاسایشییەکانی ناوچەکە ڕەچاوبکات و لەبەرچاو بگرێت پێش ئەوەی هەر هەنگاوێک

بنێت بۆ فراوانکردنی ڕۆڵی وزەکەی لە پڕکردنەوەی پێداویستی وڵاتانی ناوچەکە. واتە بۆ هەرێمی کوردستان تەنها ئەوەندە بەس نییە کە ڕەچاوی پێداویستیی وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژئاوا بکات بۆ نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، و وابیربکاتەوە کە لە پێناو پێویستیبوون بۆ وزەی هەرێمی کوردستاندا، ئەو وڵاتانە دەبنە بەرگریکاری ڕاستەقینە لە کەرتی وزە و سەروەریی خاکی کوردستان، بەڵکو مەرجەکانی وڵاتانی دراوسێ و هێزە هەرێمایەتییەکانیش زۆر گرنگە.

بۆ نموونە، سروشتی مەرج و ئەو ئالنگارییانەی ئێرانییەکان دەیخەنە بەردەم کەرتی وزەی کوردستان بە تەواوی جیاوازە لە وڵاتانی تری ناوچەکە، چونکە ئێران خاوەنی سەرچاوەی وزەی گەورەیە لە ڕووی نەوت و گازی سروشتییەوە. سەرەڕای ئەوەش ئێران دەوڵەتی عێراق بە چەقی ستراتیجیی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێت لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئاینی و تایفی و کلتوورییەوە، بە تایبەتی لە شارەکانی بەغدا و باشووری عێراقدا. بۆ ئێران کەرتی وزەی کوردستان بەهەمان شێوە گرنگە، چونکە تەنها نەبەستراوەتەوە بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بەڵکو بەستراوەتەوە بە گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکی و جیۆسیاسییەکانیشەوە. بۆیە ئەگەر مووشەکبارانکردنی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە لەساڵی ٢٠٢٢ وەک نموونە وەربگرین لەگەڵ ئەو هێرشانەی کە گرووپە میلیشا شیعەکان کردوویانە سەر هەرێمی کوردستان، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئێرانییەکان تەنها بە هۆکاری گەشەی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان تورەنین، بەڵکو لەلایەک لە بوونی پارتە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات توورەن. (Hassaniyan, A. & Stansfield, G., 2022, p.15) لەلایەکی تریش، هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و بەرگریشەوە لێی تورەن، بە تایبەتی لە پشتگیریکردنی هەرێم لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا و پرسەکانی (دیموکراسی، ماف و ئازادییە گشتییەکان، دروستکردنی هاوپەیمانیی بەرگری لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا) (Barkey, H.J., 2019, p.112) کە ئەمەش بۆ ئێرانییەکان جێگەی قبوڵ نییە. هەر بۆیەش دەبینین هەر جووڵانەوەیەکی نارەزای کە دروستدەبێت لە ناوخۆی ئێراندا، ڕژێمی ئێران بوونی پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەکات بە بیانوو بۆ هێرشکردنەسەر هەرێمی کوردستان، یان بوونی ئەمریکا و دەزگای نهێنی ئیسرائیل دەکات بە بیانوو. لە ڕاستیدا ئەگەر چی ئەمانە بیانووش نەبن، بەڵام بۆ دەوڵەتی ئێران ئەو بیانووانە دەبێت بەکاربهێنێت بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرگریکردن لە خۆی. ئەم بابەتەش لە لێدوانی سەرکردەکانی سوپای پاسداراندا بە ڕوونی دیاربوو، کە جەختیان لەسەر بەردەوامیی ئەم هێرشانە بۆ سەر گرووپ و بارەگا کوردییەکانی ناو خاکی هەرێمی کوردستان کردەوە، و جەختیان کردەوە تا نارەزایەتییەکان لە ناوخۆی ئێران توندتر ببن و ببنە هەرەشەیەکی جودی بۆ سەر ڕژێم، ئێران هێرشەکانی زیاتر دەکات و ڕەنگە لە قۆناغی داهاتوودا فراوانتر بێت و ئۆپەراسیۆنە زەمینییە سنووردارەکانیش بگرێتەوە (Reuters, 2022, Nd)، چونکە ئێران پێیوایە بە درێژەدان بە هێرشەکانی بۆسەر هەرێمی کوردستان، گەڕانە بەدوای دەرفەتێکدا بۆ هەناردەکردنی قەیرانی ناوخۆ بۆ وڵاتانی دیکە، بۆ ئەوەش سوود لە لاوازیی حکومەتی عێراق و دابەشکارییە سیاسییە ناوخۆییەکانی ناو عێراق و هەرێمی کوردستان دەبینێت.

سەبارەت بە ڕۆڵی تورکیا وەک دەوڵەتێکی هەرێمیی بەهێز کە هاوکارییەکی زۆری پێشکەوتنی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستانی کردووە، مەرجەکانی تارادەیەک جیاوازە و نەرمترە لە ڕووی ئابوورییەوە، بەڵام لە ڕووی سیاسی و نەتەوەییەوە تا ڕادەیەک قورسن بۆ هەرێمی کوردستان چونکە هەرێم ڕووبەڕووی چەندین ئالنگاریی جیاواز دەکاتەوە. تورکیا وەک حکومەت و وەک کۆمپانیاکانیان، سوودمەندێکی گەورە بوون لەناو کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، چ لە ڕووی وەبەرهێنانەوە، چ لە ڕووی هەناردەکردنی نەوتیشەوە. بۆ نموونە، گەناڵ ئینێرجی Genel Energy وەربگرین کە بە تاکە بەرهەمهێنەری فرە مۆڵەتە لە هەرێمی کوردستانی عێراق دادەنرێت، بەرهەمهێنان لە چوار کێڵگە دەکات بە ناوەکانی، تەق تەق، سەرتا، تاوکێ و پێشکەبیر. دوو کێڵگەی تریش کە لە تاوکێن؛ و لە ساڵی ٢٠٢١دا ٣١ هەزار و ٧١٠ بەرمیل نەوتی خاوی لە ڕۆژێکدا بەرهەمهێناوە (Genel Energy, 2021, N.d). ئەمە جگە لەوەی کە حکومەتی تورکیا و کۆمپانیای دەوڵەتی بۆتاس (Botaş)، سوودمەند دەبن لە کاتی گواستنەوەی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جیهان، هەروەها تورکیا لە ڕێگەی کۆگاکانی ئەمبارکردنی نەوتی خاوەوە بۆ جارێکی تر قازانج دەکات، بۆ نموونە، حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١دا بە گشتی نزیکەی ٨٠ هەشتا ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی هەناردە کردووە، بەگوێرەی ئەوەی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ حکومەتی هەرێم بڵاویکردۆتەوە(KRG-MNR, 2022).

بەڵام مەرجی تورکیا لە ڕووی ئاسایشەوە، تەنها پەیوەندیدار نییە بە ئاسایشی وزەوە، بەڵکو سەرەتا پەیوەندیدارە، بە دوورکەوتنەوەی هەرێم لە بابەتی وروژاندنی پرسە نەتەوەییەکان بە تایبەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی. دووەم پەیوەندیدارە بە پشتگیرینەکردنی پارتە ئۆپۆسزێۆنە کوردییەکانی ناو تورکیا، بە تایبەتی سنووردارکردنی مەترسییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەناو خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق. بە واتایەکی تر، بۆ تورکەکان ڕاستە نەوت و گاز گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر بابەتە جیۆپۆلیتیکییەکە و سەروەریی ئاسایشی دەوڵەتی تورکیایە. هەروەها خاڵێکی گرنگی تر، کە بە مامەڵەی تورکەکانەوە دیارە، لایەنی میراتە مێژووییەکەیەتی کە وەکو خاک و وەک هەژموونی ئابووری و سیاسی و کلتووری، سەد ساڵ بەر لە ئێستا، پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دەستیانداوە، بە تایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی(Kamrava, M. & Kamrava, M., 2013., p.10). و هەر جووڵەیەک کە ئاسایشی نەتەوەییەکەی بخاتە مەترسییەوە، بە تایبەتی مەترسیی پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەگەر هەرێمی کوردستان هاوکار نەبێت، ئەوا دەوڵەتی تورکیا بێ دوودڵی پشت دەکاتە وزەی هەرێمی کوردستان، چونکە دابینکردنی وزە بۆ تورکیا ئاسانە و چەندین بژاردەی هەیە لە نێویاندا وزەی (ئێران، ڕووسیا، وڵاتانی کەنداو بە تایبەتی قەتەر).

هەروەها مەرجێکی تری تورکیا پەیوەندیدارە بە ئاستی پێگەی خۆی لە ناوچەکە، چونکە تائێستا دڵنیا نییە لە ڕۆڵی خۆی لەناو هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان لە سوریا. بۆ نموونە ئامانجی یەکەم دوورخستنەوەی پەکەکە لە خاکی کۆماری تورکیا. لەلایەکی تریش، تورکیا لەجیاتی ڕاوەدوونانی چەکدارانی پەکەکە لەناو خاکەکەی خۆی، ستراتیجیەتی بەرگریی

ئاسایشەکەی لە بەرگرییەوە بۆ هێرشبردن گۆڕاوە و ئێستا ئامانجی دروستکردنی جوگرافیای سیاسیی جیاوازە لە دەرەوەی سنووری باشووری خۆی، بۆ ئەوەی ڕێگری لە جەماوەربوونی هێزەکانی پەکەکە بکات لە نزیک سنوورەکانی خۆی. ئەم ستراتیژە گشتییە بە شێوازی جیاواز لە سوریا و عێراق جێبەجێکرا. (Kakarash.S. November 2019, N.d) بۆ نموونە، لە سوریا، تورکیا چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ئەنجامدا لە ساڵەکانی (٢٠١٦، ٢٠١٨، و ٢٠١٩، ٢٠٢١، وە٢٠٢٢) ئامانجی سەرەکیی ڕێگریکردن بوو لە دروستبوونی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی سیاسی بە درێژایی سنووری تورکیا، بە تایبەتی ئەو خاکەی کە لەژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی یەپەگە YPG دایە لە سووریا (Çevik, S. 2022, p.8). هەربۆیە تورکیا هەوڵدەدات نەخشەیەکی جیاواز بکێشێت لە ڕووی جیۆپۆلیتیکیەوە بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە نزیک سنووری خاکەکەی خۆیەتی. ئەم جووڵانەی تورکیاش دوای ١٠٠ سەد ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕێککەوتنامەی لۆزان (١٩٢٣) و ئەو گۆڕانکارییانە دێت کە بەهۆی شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا لە جیهاندا هاتوونەتە ئاراوە، بە ئاشکرا دەبینرێت. بۆیە تورکیا چۆن ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە ئاسایشی خۆراکی جیهانی لە قەیرانی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کە ئەمە جێگەی پێزانینی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو. لەهەمان کاتدا دەیەوێت ئەو ڕۆڵە بەرانبەر ئێران و ڕووسەکان لەدەستنەدات، بۆیە ئەگەر بڕیاری یەکلاکەرەوەش بدات دەربارەی ئاسایشی ناوچەکە، هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان بەشێک دەبن لە گەمە جیۆپۆلیتیکییەکە، کە پیدەچێت بە ڕەزامەندیی کۆمەڵێک هەرێمی و نێودەوڵەتی ئەنجامبدرێت. ئەم هەنگاوەش کاتێک لە ڕێگەی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی ئاڵوزەوە (Regional complex theory) لێی دەکۆڵدرێتەوە، نەخشەیەکی نوێی سیاسی دروستدەبێت کە ڕۆڵ و هەژموونی دەوڵەتی تورکیا لە چەند ساڵی ئایندەدا زۆر فراوانتر دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

واتە بە لەبەرچاوگرتنی فراوانبوونی پێگەی ئاسایشی کۆمەڵێک هێزی هەرێمایەتی لە نێویاندا تورکیا و ئێران، نائارامی و کاڵکردنەوەیەکی زیاتری سنوور و سەروەریی چەند دەوڵەتێکی ئەم ناوچەیە پێشبینیدەکرێت، بە تایبەتی لەتبوونی سنوورەکانی هەردوو دەوڵەتی عێراق و سوریا. بۆیە سەرەڕای وەستانی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لە دوای بڕیاری دادگای نێوبژیوانیی پاریس، بەڵام تورکیا وا بە ئاسانی واز لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان ناهێنێت، بەهۆی ئەو سوودە زۆرەی لە ڕووی ئابوورییەوە وەریدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەهەندێکی جیۆپۆلیتیکی هەرێمایەتی هەیە و کاردەکاتە سەر ئاستی هەژموونی تورکیا لە ناوچەکە.

سەبارەت بە وڵاتانی کەنداو، سەرەڕای ئەوەی یەک پلانی ئاسایشیان نییە، بەڵام مەرجەکانیان سادەتر و ڕوونتر دەبێت بەرانبەر هەرێمی کوردستان. هەروەها مەرجەکانیشیان بەرانبەر کەرتی وزەی هەرێم ڕوونترە، چونکە ئەوان خۆیان دەوڵەمەندن لە ڕووی وزەوە، و پێویستییان بۆ وزەی کوردستان وەک نەوت و گازە سروشتییەکەی کەمە. بەڵام لە ڕووە ئابوورییەکەیەوە توانیویانە ڕۆڵی خۆیان ببین، چونکە بەلای وڵاتانی کەنداوەوە، ئابووری کلیلی سەرکەوتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، هەر بۆیەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی

کوردستان بە تایبەتی گازی سروشتی کە ئێستا کۆمپانیایەکی گەورەی وەک (دانا گاز) خاوەنی گەورەترین پشکی وەبەرهێنانە لە هەرێمی کوردستان[٦].

لیرەدا دەتوانین بڵێین مەرجی وڵاتانی کەنداو زیاتر سیاسین، کە بەشێکی پەیوەندیدارە بەوەی کە چۆن دەسەڵاتێکی سیاسی هەبێت لەناو عێراقدا کە هەژموونی لایەنە شیعییەکانی نزیک لە ئێران سنووردارکات. بە جۆرێک لە ئاستی دەرەکیش بتوانێت تارادەیەک ڕێگری دروستبکات لە فراوانخوازیی شیعەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیەش دەبینین، پاڵپشتییەکانی وڵاتانی کەندا و لە نێویاندا ئیمارات و سعودیە بە جۆرێکە کە وەک بڵێیت هەرێمی کوردستان و ناوچە سونەنشینەکان یەک گرنگییان هەیە، و دەیانەوێت وەک یەک گرووپی ئاسایشی بەرانبەر ئێران و فراوانخوازییەکەی دەربکەوێت. بۆیەش دەبینین، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی یەکێک بوو لە یەکەمین وڵاتانی عەرەبی پاڵپشتی و وەبەرهێنانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئەنجامدا و لە پاشاندا کونسوڵگەریی گشتیشی کردەوە، لە دوای ئیماراتیش، هەریەکە لە وڵاتانی کوێت و سعودیەش کونسوڵگەریی گشتییان کردەوە، ئەم خێراکردنە لە پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی کەنداو لەگەڵ ناوچەکە، ئێرانییەکانی زۆر نیگەران کردووە لەبەر دوو هۆکاری گرنگ، یەکەمیان کاریگەرییەکانی داهاتووە لەسەر هەناردەکردنی غازی ئێرانی، چ بۆ عێراق یان بۆ تورکیا و ئەوروپا. دووەمیشیان ئەوەیە، بۆ ئەوەی بەربەست بخاتە بەردەم فراوانبوونی ئێران لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە. (الحريري, جاسم.٢٠١٧)

بەڵام مەرج نییە ئاستی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو وەکو خۆی بمێنێتەوە و بەردەوام لە ئاستێکی باشدا بێت، بە تایبەتی دوای نزیکبوونەوەی وڵاتانی کەنداو بە تایبەتی سعودیەی عەرەبی لەگەڵ ئێراندا. کە ئەو ڕێککەوتن و نزیکبوونەوانە بە تایبەتی دوای بڕیاری کردنەوەی سەفارەتی سعودیە لە تاران و کردنەوەی سەفارەتی ئێران لە سعودیە. ئەو جۆرە نزیکبوونەوانە، وادەکات کۆمەڵەی ئاسایشی سوونەکان وردەوردە بەرەو لاوازی بچێت، لەم کاتەشدا هەرێمی کوردستان بەرانبەر ئەو هێزە شیعانەی ناو عێراق لاوزتر و بێپشت و پەنای هەرێمایەتی دەردەکەوێت و کاریگەری دەبێت لەسەر پێگەی هەرێم لە عێراق و لە ناوچەکەدا.

سەبارەت بە مەرجی وڵاتانی زلهێز و نیودەوڵەتی، دەتوانین بڵێین کەمتر نییە لە وڵاتانی دراوسێ و هەرێمایەتی، بەڵام کاریگەرییەکەی لەسەرخۆترە، کە دەتوانین مەرجەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنبکەین بەسەر دەوڵەتە دیار و کاریگەرەکاندا:

سەبارەت بە مەرجی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و بەریتانیا، داواکارییەکانیان سەرەڕای ئەوەی بێبەش نین لە ئامانجی ئابووری، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە زۆر مەبەستیانە کە هەرێمێکی بەهێز لە چوارچێوەی عێراقدا هەبێت، کە گرنگی بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و شەفافیەت و حکومڕانیی باش بدات. هەروەها بەلایانەوە گرنگە ئەم مۆدێلە دیموکراتییەی کە هەیە تارادەیەکی زۆر سەربگرێت و بەردەوام بێت. هەربۆیەش بەردەوام جەخت لە حکومەتێکی یەکگرتوو دەکەنەوە کە خاوەنی یەک هێزی پێشمەرگە بێت. نەوت و گازی هەرێمی کوردستان یەکەمجار بۆ ئەوروپییەکان ئنجا بۆ ئەمریکا گرنگە، چونکە ئەمریکا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە لە ڕووی سامانی نەوت و گازەوە زۆر دەوڵەمەندە. کەواتە وڵاتانی

ئەوروپا، سەرەڕای پێویستییان بۆ وزە و پێگەی ئاسایشی هەرێم، بەڵام مەرجی بەها لیبڕالی و دیموکراسییەکان بەلایانەوە گرنگە هەرێمێکی کوردستانی بەهێز هەبێت لەناو عێراقدا کە لە بابەتە ئاسایشی و لیبڕالییەکاندا، هاوبەش و دۆستیان بێت.

چونکە بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوبۆتەوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا لە بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ناوخۆی هەرێمی کوردستان نارازین (Wahab, B., Zaman, A., Serchuk. V., 2022, N.d). چونکە پێیانوایە زۆرێک لە کێشە سەرەکییەکان لەوە سەرچاوە دەگرن کە حکومەتی هەرێم لەسەر بنەمای خزمخزمێنە (Patronage) و پڕ لە گەندەڵی تائێستا دامەزراوەکانی بەڕێوەدەبات، و ئەم جۆرە حوکمڕانییە چەندین جار شکستیهێناوە لە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان یان پەروەردەکردنی سیاسەتی کێبڕکێی دادپەروەرانە. سەرەڕای ئەوەش، بەهۆی پەرەسەندنی فشارە سیاسییەکانەوە، فەزای میدیای ئازاد کەمبووەتەوە، و پێیانوایە تەنها ستایشکردنی دەستکەوتەکانی هاوبەشی ئەمریکا و کورد، ئیتر بەس نییە– بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت هاوڵاتییان و دەسەڵاتداران ئامادەبن گفتوگۆی سەخت لەسەر سیاسەت و ئابووریی کوردستانی عێراق بکەن، کە لە ڕێڕەوێکی باشدا نین، چونکە پێیانوایە لە دەیەی ڕابردوودا کە جێگەی نیگەرانییە، حکوومەتی هەرێم گەندەڵترە، و کەمتر ئازادە، لە ڕووی ئابوورییەوە کەمتر دینامیکترە لە دە تا پانزە ساڵ لەمەوبەر (Ibid, 2022, N.d).

بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە وڵاتانی ڕۆژئاوای تینوی نەوت و گاز، بە تایبەتی وڵاتانی ئەوروپا وزەیان بەلاوە گرنگ نییە. بە پێچەوانەوە، بە لای ئەوانەوە دەیانەوێت گرنگی بە کەرتی وزەی هەرێم بدەن لە پاڵ پاراستنی بەها دیموکراسییەکان و مافی مرۆڤدا.


بۆ نموونە، سەبارەت بە گرنگیدانی ئەمریکا بە هەرێمی کوردستان و کەرتی وزەکەی، لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٣دا، برێت مەکگۆرک Brett McGurk (ڕێکخەری کۆشکی سپی بۆ کاروباری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا)، و شاندی یاوەری، کە لە نێویاندا (ئامۆس هۆکستین)یان لەگەڵدایە، کە هەماهەنگیکاری تایبەتی سەرۆکایەتیی ئەمەریکایە بۆ ژێرخانی جیهانی و ئاسایشی وزە. ئامانجی شاندەکە لەو سەردانە، کەمکردنەوەی ناکۆکییە ئابووری و سیاسییەکان بە تایبەتی پرسەکانی پەیوەندیدار بە وزە، لە نێوان یەکێتی و پارتی لەلایەک و، حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا لەلایەکی تر (Official website of the U.S. Embassy & consulate in Iraq,16 January 2023, N.d). و لە میانی گفتوگۆکانی شاندەکەدا، لە ئاستی ناوخۆی هەرێم و عێراق، سەرەڕای گرنگیدان بە پرسی وزە و ئاسایش، لایەنە کوردستانییەکانیان ئاگادارکردۆتەوە کە گرنگی بە پرسی دیموکراسی و ئازادییەکان و بابەتی هەڵبژاردن بدەن، لە هەمووشی گرنگتر یەکگرتوویی لایەنە کوردییەکانە بە تایبەتی (پارتی و یەکێتی) بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پراگماتیکیانە ئامانجەکانیان لەناو عێراقدا بەدیبهێنن.

سەبارەت بە دەوڵەتی ڕووسیا وەک دەوڵەتێکی زلهێز، داواکاری و مەرجەکانی بۆ هەرێمی کوردستان تاڕادەیەک ڕوونە، ئەویش پەیوەندیدارە بەوەی کە بە تەواوی نابێت هەرێم بکەوێتە ناو پلانە ئاسایشی و ئابوورییەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاوە. لە ڕووی کەرتی وزەشەوە،

دووبارە ڕووسەکان توانیویانە ڕۆڵی خۆیان یەکلاییکەنەوە لەناو کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانیانەوە، چونکە ئێستا جگە لەوەی  چەند کۆمپانایەکی ڕووسی کاری وەبەرهێنان دەکەن لە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، هەروەها کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕووسیش خاوەندارێتیی ٦٠٪ بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکات (Salih, R.S. and Yamulki, A., 2020. P.52). هەروەها لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستان و پرسی وزە، ماکسیم ڕوبین، کونسوڵی گشتیی ڕووسیا لە هەولێر، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ڕووداودا دەڵێت "پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان نایاب و مێژوویی و ئەرێنییە. ڕووسیا هەمیشە پابەند بوو بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی کاروباری کورد و هەمیشە تێگەیشتنی هەبووە  بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد و ڕووسیا هیوادارە کوردەکان بە خۆشگوزەران و ئارامی بژین لەسەر خاکەکانیان". لە درێژەی قسەکانیدا کونسوڵ دەڵێت "پەیوەندییە ئابوورییەکانی ڕووسیا و هەرێمی کوردستان لەسەر پێشخستنی ژێرخانی وزەیە و، و لە هەرێمی کوردستان دوو کۆمپانیای گەورەی ڕووسی کاردەکەن (گازپرۆم نیفت و ڕۆسنەفت)، و بەرهێنانی دارایی بەرفراوانیان لە ئابووریی هەرێمدا کردووە، کە دەگاتە نزیکی ٦ ملیار دۆلار، ئەوەش بە گەورەترینی وەبەرهێنەران لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت" (Rudaw, January2023, N.d).

بۆیە دەتوانین بڵێین تا ئێستا دەوڵەتی ڕووسیا کێشەی ئەوتۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام ئەوکاتەی ململانێیەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی فراوان دەبێت، و کاردەگاتە ئەوەی کە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا سزاکانیان لەسەر کۆمپانیا ڕووسییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا توندەکەنەوە، ئەوکاتە فشارەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا ڕووسییەکانی ناو هەرێم زیاتر دەبێت. سەبارەت بە مەرجی دەوڵەتی ڕووسیا، ئەوەیە کە هەرێم بە ئاستێک پلانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا جێبەجێنەکات کە مەترسی بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ڕووسیا لە عێراق و ناوچەکە دروستبکات. لە هەمان کاتیشدا، یەکێکی تر لە مەرجەکانیان ئەوەیە، کە هەرێمی کوردستان نابێت وا مامەڵە بکات لە ڕێگەی وزەکەیەوە، کە دەتوانێت ببێت بە شوێنگرەوەی ڕووسەکان بۆ ئەوروپا. دوایین سەردانی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا (سێرگی لاڤرۆڤ) بۆ بەغدا لە ٢٠٢٣/٢/٩، ئەوەی نەشاردۆتەوە کە ترسیان هەیە لە هەناردەکردنی گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی ئەوروپا[٧]. کەواتە ڕووسیا بەدواداچوونی ورد دەکات بۆ جووڵەکانی حکومەتی هەرێم لە ڕووی وزەوە، و بە ئاسانی واز لە بەرژەوەندییەکانی ناهێنێت لەناو بازاڕی نێودەوڵەتیی وزە بۆ هەرێمی کوردستان. ئەمەش پێمان دەڵێت، لە ڕووی ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکانیشەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا دەرفەت و بژاردەی ڕوونی لە بەردەم نییە، تا بتوانێت لەو قەیرانانە خۆی ڕزگاربکات کە بەهۆی چوونە ناو بازاڕی وزەوە ڕووبەڕوویاندەبێتەوە، چونکە بازرگانیی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناو کۆمەڵەیەکی ئاسایشی وزەی زۆر ئاڵۆزەوە، کە ئێران، ڕووسیا، تورکیا، ئەمریکا و بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەتی (ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا)، تیایدا ململانێ دەکەن و پێوەری دۆست و دوژمنیان کردووە بە ستراتیجی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی دەوڵەمەند بە نەوت و گاز.

کەواتە لە ئەنجامدا بە پێی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی ئاڵۆز دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئاسایش و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناو چەندین هاوکێشە و بازنەی ململانێ و کاریگەریی جیاوازەوە هەروەک لە هێلکاریی ژمارە (١) دەردەکەوێت:




هاوکێشە و بازنەی هێزە کاریگەرەکان لەسەر ئاسایشی وزە و سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان
(سەرچاوە: لێکۆڵەر)

وەک لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێت، بازنەی کاریگەری هەریەکە لە هێزە ناوخۆی و دەرەکییەکان فراوانە، ئەو کاریگەرییەکەش بەپێی جیۆپۆلیتیکی دابەشبوونی کێڵگە نەوت و گازییەکان و سنووری کارگێڕیی بەڕێوەبردنی ئەو کێڵگانە و هەژموونی وڵاتانی هەرێم و نێودەوڵەتی لەسەر ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە. بۆ نموونە بەپێی مەرجە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بازنەی ئاسایشی وزەی هەرێم سەرەڕای حکومەتی هەرێمی کوردستان، باڵادەستیی پارتی دیموکرات و یەکێتیی نیشتیمانی بە تەواوی ڕەنگیداوەتەوە. هەروەها حکومەتی عێراقیش بە ناڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە. لە ئاستی هەرێمیش دەوڵەتی ئێران و تورکیا کاریگەریی خۆیان هەیە لە ڕێگەی بوونی هەژموونیان لەسەر پارتە سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستان و عێراق زۆر دیار و بەرچاوە، بەڵام وڵاتانی کەنداو ئەو کاریگەرییە بەهێزەیان لە ڕووی ئاسایشی وزەوە بە زەقی دەرناکەوێت، سەرەڕای بوونی دانا گاز لە هەرێم، بەڵکو کاریگەرییەکەی لە ڕێگەی هەڵوێستی سیاسییەوە دێت و دەڕوات. هەروەها وڵاتانی زلهێزی وەک ئەمریکا و بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا، و ڕووسیا دووبارە کاریگەرییەکانیان فراوانکردووە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە تایبەتی لە ڕێگەی بوونی کۆمپانیا نەوتییەکنیان و ئاستی سوود و زەرەرمەندییان لە گەشەی هەرێمی کورستان. کە دەتوانین بڵێین ئەو بازنە و هاوکێشە ئاڵۆزانە، چەمکی دۆست و دوژمنی زاڵکردووە لە ناو ململانێیەکانی تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. کە ئەمەش وادەکات، ئاسایش و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان بەردەوام بکەوێتە ژێر مەترسی و بارودۆخی نادڵنیاییەوە.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی و ورد گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی ئاسایشەوە، کە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستانی بەستۆتەوە بە کۆمەڵێک مەرج و داواکاریی هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستانەوە. لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و خاوەنی سەربەخۆیی و سەروەریی تەواوی خۆی نییە، بۆیە پێشکەوتنی کەرتی وزەکەشی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئالنگاری لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەکی دەبێتەوە.

٢. ئالنگاری و مەرجەکان کە ڕووبەڕووی کەرتی وزەی هەرێم دەبنەوە، تەنها یەک ڕەهەندیان نییە، بەڵکو ڕەهەندەکانی سیاسی، ئابووری، یاسایی و جیۆپۆلیتیکیش دەگرێتەوە.

٣. کاتێک هەرێمی کوردستان مەرجەکانی هێزە ناوخۆ و وڵاتانی هەرێمی و نیودەوڵەتی جێبەجێناکات، ئەوا سەرەڕای ئەوەی ئاسایشی وزەکەی ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی داینامیکیش سەروەریی خاکەکەش دووچاری پێشێلکاری دەبێت و دەکەوێت ناو بارودۆخی نادڵنیایی ئاسایشیەوە.

٤. هێز و لایەنە سیاسییەکانی کاریگەر لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان جیاوازن، هەر بۆیەش کاریگەرییەکەشیان جیاوازە. بۆ نموونە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان) کاریگەرییان زیاترە لەسەرجەم لایەن و دامەزراوە فەرمییەکان، لەسەر ئاستی هەرێمی وڵاتانی (تورکیا، ئێران، وڵاتانی کەنداو) کاریگەرییەکەیان بەرچاو و ڕوونە، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتی وڵاتانی وەکو (ئەمریکا و ئەوروپا و ڕووسیا) بەپێی هەژموون و بەرژەوەندییەکانیان لەناو هەرێمی کوردستان و ناوچەکە، لە کاتێک بۆ کاتێکی تر کاریگەرییەکەیان دەگۆڕێت.

٥. بە پێی ئەو مەرج و ئالنگارییانەی کە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، واپێویست دەکات حکومەتی هەرێم و پارت و دامەزراوە سیاسی و فەرمییەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە ئامانجەکانی هەریەک لەو وڵاتانە وردبنەوە، کە لەم ناوچەیە و جیهاندا ململانێ دەکەن. چونکە بەپێی ئەو هاوکێشە ئاسایشییانەی کە هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە بەهۆی وزەوە، هەروەک چۆن ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا و ڕووسیا ڕۆڵی گرنگ دەبینن، بەهەمان شێوە دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و کەنداویش یاریکەریی سەرەکین ناکرێت داواکاریی هیچ لایەکیان فەرامۆشبکرێت.

٦. سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا پێویستییان بە هەرێمی کوردستانە لەبەر شوێنە جوگرافیە سیاسییەکەی و ئەو وزەیەی کە هەیەتی، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە ئەوانیش جێگیرەوەی هەرێمی کوردستانیان نییە و مەرجی تایبەت بە خۆیان نییە و هەمیشە چاوەڕوانی هەرێمی کوردستان دەکەن کە لەسەر ناکۆکییە ناوخۆییەکان بەردەوام بن. بەڵکو دەبێت حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و پارتە سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستان مەرجەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بەهەند وەربگرن، کاری جدی لەسەر پرسی چاکسازی و ئازادییەکان و بابەتی هەڵبژاردن و دیموکراسی بکەن.

٧. ئەگەر هەرێمی کوردستان ئامانجی هەریەکە لەو دەوڵەتانەی کە لەم ناوچەیەدا ململانێ دەکەن بە تەواوی نەخوێنێتەوە، ئەوا ناتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەو ئالنگارییانە بێت کە دێنە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەو کاتەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت هاوسەنگییەک دروستبکات لە نێوان ئەو مەرجانەی کە پەیوەندی بە ئاسایشی وزەوە هەیە، لەو کاتەشدا کەرتی وزەکەی تووشی سڕبوون دەبێت، سەروەریی خاکی هەرێمیش دەکەوێتە ژێر مەترسیی پێشێلکارییەوە.

٨. سەرەڕای ئەو هەموو ناکۆکییەی هێزە سیاسییەکان هەیانە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و عێراق لەسەر پرسی وزە و چۆنێتیی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی داهاتەکەی، بەڵام

بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق، دادگای ناوبژیوانی لە پاریس، و پەسەندکردنی بودجەی عێراق بۆ ساڵەکانی ٢٠٢٣، ٢٠٢٤، ٢٠٢٥، کاریگەریی زیاتریان هەبووە و دەبێت، چونکە وادەکات ئاسایشی وزەی هەرێم بە تەواوی بکەوێتە ناو بارودۆخی نادڵنیایی، کە ئەمەش وا دەکات لە ئایندەیەکی نزیکدا، ئەگەر حکومەتی هەرێم و هێزە سیاسییەکانی ناو هەرێم بەرنامەی هاوبەشیان نەبێت، ئەوا سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی بەشی زۆری ئابووری و کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، سەروەری و یەکپارچەیی خاکی هەرێمیش دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە و دابەشبوونی هەرێمی کوردستانیش دەبێتە پێشبینییەکی چاوەڕوانکراو.

٩. مەرجی و ئالنگارییەکانی ڕووبەڕووی هەرێم و کەرتی وزەکەی بۆتەوە، لە ئایندەدا ئەگەری دابەشبوونی خاکی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرزدەکاتەوە، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز، چونکە ئەو مەرجانە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی هێنانەئارایی هەڕەشەیەکی جیۆپۆلیتیکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە لە ئەنجامدا هێزە هەرێمایەتییەکان براوە و سوودمەندی سەرەکیی ئەم دابەشبوونە دەبن. بۆیە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە. ئاست و سروشتی ئەو مەرجە پێشوەختانەی لەبەردەم کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، شێوازی ئەو ئالنگاری و مەترسییانە دیاریدەکات کە ڕووبەڕووی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە.

## پێشنیاز و ڕاسپاردە

- لە ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، پێویستە پلانێکی هاوبەش دابنرێت بۆ چۆنێتیی دووبارە ڕێکخستنەوەی بەرژەوەندییەکانی نەوت و گاز لە نێوان سەرجەم لایەنە سیاسییە باڵادەستەکانی ناو هەرێمی کوردستان و ئەو کۆمپانیایانەی نوێنەرایەتییان دەکەن، بە سەرپەرشتیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- هەوڵبدرێت یاسای نەوت و گازی حکومەتی ناوەندی بە شێوەیەک لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندبکرێت، کە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت لە ڕووی

بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی کێڵگەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی، بە تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت وریابێت لە چۆنێتیی تەفسیرکردنی برگەی (٢)ماددەی ١١٢ی دەستووری عێراقی.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت پلانێکی هاوبەشی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، بە تایبەتی لە ڕووی چۆنێتیی کارکردن لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق و چۆنێتیی هاوبەشیکردن لەگەڵ کۆمپانیای بەبازارکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)دا. چونکە تەنها وەرگرتنی پۆستی جێگری کۆمپانیای سۆمۆ کێشەکان چارەسەر ناکات. بەڵکو دەبێت ڕۆڵ بگێڕن لە بەڕێوەبردنی کەرتی وزە لە سەرانسەی عێراقدا.
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەبێت لە ڕووی دامەزراوەییەوە بەهێزبکرێت، سەرەڕای دووبارە داڕشتنەوەی پەیکەری ئەو وەزارەتە، دەبێت لەپاڵ بوونی چەندین کۆمپانیای کەرتی تایبەتی بواری وزەدا، پێویستە کۆمپانیای نیشتیمانی دابمەزرێت تابتوانێت بە شێوەیەکی فەرمی و دامەزراوەیی مامەڵە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و کۆمپانیا فرەڕەگەز و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە نەوت و گاز بکات، بەو شێوەیەش کەرتی وزەی حکومەتی هەرێم ڕۆڵی متمانەپێکراوتر دەبێت لەناو بازاڕی نێودەوڵەتیی وزەدا.
- دەبێت حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پلانی تەواو و زۆر وردی پێشوەختەی هەبێت لە ئاستی ناوخۆ و دەرەکیدا بۆ جێبەجێکردن یان جێبەجێنەکردنی ئەو مەرجانەی لایەنە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بۆی دادەنێن. تا بتوانێت ئاسایشی وزە و سەروەریی خاکی هەرێم بخاتە ناو بارێکی دڵنیایی و ئارامییەوە.
- لە ڕووی مامەڵەکردنی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە، حکومەتی هەرێم دەبێت بەردەوام بێت لە بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووری و ئاسایشی و سیاسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و نێودەوڵەتیدا، لە بواری وزەشدا، بەهۆی ئەو ڕێککەوتننامە نوێیانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق واژوویکردوون لەساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣دا، نابێت وابکات

هەرێم ڕێڕەوی بەندەری جیهان و پاڵپشتیی تورکیا و ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی بە ئاسانی لەدەستبدات.

## پەراوێزەکان

[1] For more information look at: Buzan, B., Buzan, B.G., W'ver, O. and Waever, O., 2003. Regions and powers: the structure of international security (Vol. 91). Cambridge University Press.

٢. بەرپرسیارێتیی پاراستن – کە بە R2P ناسراوە – نۆرمێکی نێودەوڵەتییە کە هەوڵدەدات دڵنیابێت لەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە هەرگیز لە وەستاندنی تاوانە دڕندەییە بە کۆمەڵەکانی جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ، پاکتاوی نەتەوەیی و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی. ئەم چەمکە لە وەڵامی شکستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا سەریهەڵدا لە وەڵامدانەوەی گونجاوی ئەو دڕندەییە بە کۆمەڵانەی کە لە ڕواندا و یوگۆسلاڤیای پێشوو لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکاندا ئەنجامدراون. لیژنەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان و سەروەریی دەوڵەت لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١دا چەمکی R2P ی پەرەپێدا. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پرنسیپی R2P، بگەڕێرەوە بۆ:

Dorota.. G, (2010) "From humanitarian intervention (HI) to responsibility to protect (R2P)." *Criminal Justice Ethics* 29, no. 2: P.110-128.

بنەمای بەرپرسیارێتیی پاراستن لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لوتکەی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، کە گەورەترین کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتان و حکومەتەکانە لە مێژوودا. لە بڕگەی ١٣٨ و ١٣٩ی بەڵگەنامەی دەرئەنجامی لوتکەی جیهانیدا هەموو زانیارییەکان بڵاوکراوەتەوە. هەرێمی کوردستان توانی سوود لەو پرنسیپە وەربگرێت، ئەویش پاش ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەستێوەردانیان کرد و ڕژێمی بەعسیان ڕووخاند لە ساڵی ٢٠٠٣دا. گرنگیی ئەو پرنسیپە لەوەدابوو کە کۆمەڵێک دەسەڵاتدرا  بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە سەرەڕای بابەتی (بەرگری لەخۆکردن Self defense و ئاسایشی  هاوبەش common security، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی خرایە ئەستۆ  بۆ پاراستنی هەر مرۆڤێک کە لە هەر شوێنێکی جیهاندا دووچاری کاری دڕندانە و جینۆساید.. هتد، دەبێتەوە.

٣. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە قەیرانی پرسی نەوت و گاز لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندیی بەغدا، لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە، بگەڕێرەوە بۆ: فرست، أحمد، (٢٠٢٢). سيرة أزمة قانون النفط والغاز (خقائق موثقة للتأريخ). مجلة العقد الإجتماعي- مركز بحوث القانونية. العدد(٤).

٤. دادگای فیدراڵیی عێراق ڕۆژی سێشەممە٢٠٢٢-٢-١٥ "یاسای نەوت و غازی پێشەسازیی نەوتی کوردستانی عێراقی بە نادەستووری دانا و داوای کرد دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان پێداویستی و سامانە سروشتییەکانی کۆنترۆڵیان کردووە ڕادەستی وەزارەتی نەوتی عێراقی بکەن. بۆ زانیارای زیاتر بڕوانە:

(Rowena, E, & Moataz, M. (Feb 15, 2022), Iraqi federal court deems Kurdish oil and gas law unconstitutional. (Reuters). Available at: https://www.reuters.com/world/middle-east/iraqi-federal-court-deems-kurdish-oil-gas-law-unconstitutional-2022-02-15/

٥. دادگای ناوبژیوانی لە پاریس، دادگەیەکی دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی ICC دامەزراوەیەکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان. لەژێر چاودێریی ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتی کاردەکات و لە ساڵی ١٩٢٣ دامەزراوە. ئەم دادگەیە بڕیارێکی سەبارەت بە ناکۆکییەکی یاسایی نێوان عێراق و تورکیا دەرکرد و ڕێوشوێنەکانی ڕەنگە توانای کوردستانی عێراق بۆ هەناردەکردنی نەوتی سەربەخۆ تێکبدات. بەپێی ڕێساکانی دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی (ICA)، هەر ڕەشنووسی بڕیارێک کە لەلایەن ناوبژیوانەکانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، دەبێت لەلایەن خودی دادگاوە پەسەند بکرێت پێش ئەوەی بتوانرێت جێبەجێبکرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێرەوە بۆ:

Iraqi oil report. (2023), Iraq's arbitration win reshapes Baghdad-Erbil relationship. Available at: https://www.iraqoilreport.com/news/analysis-iraqs-arbitration-win-reshapes-baghdad-erbil-relationship-45659/

٦. لە ساڵی ٢٠٠٧ داناگاز Dana Gas ڕێکەوتنی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی کێڵگەکانی غازی خور مۆر و چەمچەماڵ؛ کە لە ئێستادا بە گەورەترین دوو کێڵگەی گازی دادەنرێن لە هەرێمی کوردستان. بەپێی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە، کۆمپانیای کرێسێنت پترۆلیۆم و داناگاز مافی تایبەتیان پێدرا بۆ هەڵسەنگاندن، پەرەپێدان، پرۆسێسکردن، بەبازارکردن و فرۆشتنی نەوت لە بلۆکە جەوهەرییەکانی خور مۆر و چەمچەماڵەوە، هەروەها وەک قۆناغی یەکەم دابینکردنی گازی سروشتی بۆ سووتەمەنی دوو کۆمپانیای سەرەکیی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای ناوخۆیی کە لە هەولێر و چەمچەماڵ دروستدەکرێن، هەروەها بۆ پیشەسازییە ناوخۆییەکان و هەناردەکردن. کۆمپانیای پیرڵ پترۆلیۆم لە ساڵی ٢٠٠٩ وەک کۆمپانیایەک دامەزراوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەرێوەبەرە هاوبەشەکانی داناگاز و کرێسێنت پترۆلیۆم دەستنیشان کراوە. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا کۆمپانیای OMV ی نەمسا و MOL ی هەنگاریا کە دوو کۆمپانیای گەورەی وزەی ئەورووپین، هەریەکەیان بوونە خاوەن پشکی ١٠٪ لە کۆمپانیای Pearl Petroleum. هەروەها ئەو کۆمەڵە کۆمپانیایە لە ساڵی ٢٠١٥دا پێشوازی لە کۆمپانیای RWEST ی ئەڵمانیا کردوو و پشکی ١٠% لەسەدا دەیان پێدا.

٧. بەپێی ڕاپۆرتێک کە لە ماڵپەری ئەلمۆنیتەر بڵاوبۆتەوە، هەردوو گەورە کۆمپانیای ڕووسی لۆک ئۆیل و گاز پرۆم بەبەهای زیاتر لە(١٠) ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان هەیە لە عێراق, بەڵام لە ئێستادا ڕووبەڕووی کێشەی وەرگرتنی شایستە داراییەکانیان بوونەتەوە, بەهۆی سزاکانی خۆرئاوا لەسەر مۆسکۆ. گاز پرۆم  لەگەڵ دانا گاز لە کێڵگە غازییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کاردەکات, بەڵام بەغداد ساڵی ڕابردوو ئەم دوو کۆمپانیایەشی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکان کردە ناو لیستی ئەوانەی پێویستە گرێبەستەکانیان لەگەڵ هەرێم هەڵبوەشێننەوە, دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق بە ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێم. سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە (ئەلمۆنیتۆر)ی ڕاگەیاندووە: لاڤرۆڤ لەسەردانەکەیدا لەگەڵ بەرپرسانی عێراق ئەو ئاستەنگە یاسایی و بیرۆکراسییەکانی تاوتوێکردووە کە ڕووبەڕووی دوو کۆمپانیا ڕووسییەکە دەبێتەوە لە عێراق. بەپێی هەمان ڕاپۆرت، کاتێک مانگی ڕابردوو لەمیانی سەردانەکەی سودانیدا بۆ بەرلین, ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەگەری هاوردەکردنی غازی لە باکووری عێراقەوە ورووژاند بۆ وڵاتەکەی, بۆ ئەوەی شوێنی گازی ڕووسیا بگرێتەوە, هەر لە مانگی ڕابردوودا ماکگۆرگ و ئاموس هۆشسچین سەردانی عێراقیان کرد بۆ خستنەگەڕی پرۆژەی گواستنەوەی غازی کوردی بۆ ئەورووپا. هەربۆیە پلانەکانی هەناردەکدنی گازی کوردی مەترسی جدی لای ڕووسیا دروستکردووە, لەبەرئەوەی مۆسکۆ بازاڕە نەریتییەکەی لەدەستدەدات, ڕووسیا هەوڵدەدات کارەکانی لە کێڵگە غازییەکانی عێراق فراوانبکات و هانی بەغداد دەدات غازەکەی لە ناوخۆ بەکاربهێنێت و ڕەوانەی سوریا و تورکیای بکات, لەبری ناردنە دەرەوەی بۆ ئەورووپا.

لەوەش زیاتر، باس لەوە دەکات کە ئەکرەم کەعبی سەرۆکی گرووپی نوجەبا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢دا, سەردانی مۆسکۆی کردووە و چاوی کەوتووە بە ژمارەیەک لە بەرپرسانی ڕووسیا, هەروەها سەرکردەی گرووپەکانی تریش لەگەڵ باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق کۆبوونەتەوە بە شێوەیەکی دووبارە, دەکرێت ئەوە بە هەوڵی ڕووسیا هەژماربکرێت بۆ فراوانکردنی هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ ئەو گرووپە سەربازییانەی کە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێرەوە بۆ ڕاپۆرتەکە لە:

Mamouri, A. (Febreuary 2023), Russia's Lavrov in Iraq, looks for sanctions relief. Al-Monitor. Derived from: https://www.al-monitor.com/originals/2023/02/russias-lavrov-iraq-looks-sanctions-relief

## سەرچاوەکان

### ١-سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1. Anthony H. Cordesman A. Burke. 2006 Rethinking Global Energy Security: Geostrategic and Economic Risks. *The Center for Strategic and International Studies. Washington, DC*.
2. Arif, B.H. and Mokhtar, T.M., 2022. The Kurdish civil war (1994–1998) and its consequences for the governing system in the Kurdistan Region of Iraq. *Asian Affairs*, 53(3).
3. AUSTVIK, O. and RZAYEVA, G., 2017. Turkey in the Geopolitics of Energy. EnergyPolicy, 107, 539-547. nın Paylaşılması Sorunu Ve Türkiye. *Bilge Strateji*, 4(6).
4. Barkey, H.J., 2019. The Kurdish Awakening. Foreign Affairs, 98(2), pp.107-122. JSTOR, https://www.jstor.org/stable/26798092.
5. Boute, A., 2022. Weaponizing energy: Energy, trade, and investment law in the new geopolitical reality. *American Journal of International Law*, 116(4).
6. Bubandt, N., 2005. Vernacular security: The politics of feeling safe in global, national and local worlds. *Security Dialogue*, *36*(3).
7. Buzan, B., Buzan, B.G., W'ver, O. and Waever, O., 2003. *Regions and powers: the structure of international security* (Vol. 91). Cambridge University Press.
8. Crawford, J., 2008. The authority of the Kurdistan regional government over oil and gas under the constitution of Iraq. Oil, Gas & Energy Law, 6(3).
9. Çevik, S., 2022. Turkey's military operations in Syria and Iraq.
10. Crawford, J., 2008. The authority of the Kurdistan regional government over oil and gas under the constitution of Iraq. *Oil, Gas & Energy Law*, 6(3).
11. Edwards R. &, Mohamed,. (Feb 15, 2022). Iraqi federal court deems Kurdish oil and gas law unconstitutional. *(Reuters)*. Available at: https://www.reuters.com/world/middle-east/iraqi-federal-court-deems-kurdish-oil-gas-law-unconstitutional-2022-02-15/
12. Fitzsimmons, M.F., 2008. Centralization or Decentralization in Iraq? *In Search of the Elusive Sweet Spot*. INSTITUTE FOR DEFENSE ANALYSES ALEXANDRIA VA.
13. Florian A, and Dahlia, (2022). The Oil and Gas Law Review: Iraqi Kurdistan. *The law reviews*. available at: https://thelawreviews.co.uk/title/the-oil-and-gas-law-review/iraqi-kurdistan

14. Gierycz, D., 2010. From humanitarian intervention (HI) to responsibility to protect (R2P). *Criminal Justice Ethics*, *29*(2).
15. Hama, H.H., 2020. The securitization and de-securitization of Kurdish societal security in Turkey, Iraq, Iran, And Syria. *World Affairs*, *183*(4).
16. Hassaniyan, A. and Stansfield, G., (2022), The Kurdish protest movement and the Islamic republic of Iran: the securitisation of Kurdish nationalism.
17. Kamrava, M. and Kamrava, M., 2013. The modern Middle East: a political history since the First World War. *Berkeley*: University of California Press.
18. Kakarash.S. (November 2019), Ethnic Cleansing is not the answer to the Kurdish question. Retrieved from The Jerusalem Post. available at: https://www.jpost.com/opinion/ethnic-cleansing-is-not-the-answer-to-the-kurdish-question-608051
19. Dourian،K, (May 18, 2022). Internal Squabbles, Legal Challenges, and Muddled Policy Impede Kurdish Gas Exports. *The Arab Gulf States Institute in Washington.* (N, d). Derived from: https://agsiw.org/internal-squabbles-legal-challenges-and-muddled-policy-impede-kurdish-gas-exports/
20. Licklider, R.E., 1982. The failure of the Arab oil weapon in 1973–1974. *Comparative Strategy, 3(4).*
21. Mills, R. and Salman, M., 2020. Powering Iraq: Challenges Facing the Electricity Sector in Iraq. Al-Bayan Center for Planning and Studies: Baghdad, Iraq.
22. Mills, R., 2016. Under the mountains–Kurdish oil and regional politics.
23. Roberts, J.M., 2018. Turkeys and The Kurdistan Region of Iraq: Strained Energy Relations. Turkish Policy Quarterly, 17(3), pp.99-109.
24. Salih, R.S. and Yamulki, A., 2020. Reforms Feasibility in Kurdistan Region Petroleum Contracts, Triggered by the New Regional Blocks Divisions. International Journal of Business Social Science, 11(5).
25. Wahab, B., 2014. Iraq and KRG Energy Policies: Actors, Challenges and Opportunities. *The Institute of Regional and International Studies*.
26. Williams, G.L., Jones, B.J., Williams, G.L. and Jones, B.J., 2001. Collective Security or Collective Defence?. NATO and the Transatlantic Alliance in the 21st Century: The Twenty-Year Crisis.
27. Williams, P.R., Ulbrick, J.T. and Worboys, J., 2012. Preventing mass atrocity crimes: The responsibility to protect and the Syria crisis. Case W. Res. J. Int'l L., 45.

28. Williams, G. and Jones, B., 2001. Nato and the Transatlantic Alliance in the Twenty-First Century: *The Twenty-Year Crisis*. Springer.
29. Maghdid, R.S. and Din, B.H., 2019. Causes and Impacts of Crisis in Kurdistan Regional Government Managing Natural Resources. International Journal of Psychosocial Rehabilitation, 23(02).

**٢-سەرچاوانەی لە ماڵپەڕە فەرمییەکانەوە وەرگیراون**

30. Fazil, S. & Tartir, A., (2023). Iraq in 2023: Challenges and prospects for peace and human security. Stockholm International Peace Research Institute. Available at: https://www.sipri.org/commentary/topical-backgrounder/2023/iraq-2023-challenges-and-prospects-peace-and-human-security
31. Mamouri, A., (Feb 2023). Russia's Lavrov in Iraq, looks for sanctions relief. Al-Monitor. Derived from: https://www.al-monitor.com/originals/2023/02/russias-lavrov-iraq-looks-sanctions-relief
32. Wahab, B., Zaman, A., Serchuk. V., (2022).The KRG Turns Thirty: The Future of U.S.-Kurdish Relations in Iraq. The Washington Institute for Near East Policy. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/krg-turns-thirty-future-us-kurdish-relations-iraq
33. Draw Media, (June 2022). Khor MOR is stuck between the PUK and KDP projects, Draw Media. available at: https://drawmedia.net/en/page_detail?smart-id=10544
34. Genel Energy, (2021), multi-licensed in the Iraqi Kurdistan Region. Genel Energy official web. derived from: https://genelenergy.com/operations/production/
35. Iraqi oil report. (2022). Iraq-Turkey arbitration moves one step closer to final ruling. Available at: https://www.iraqoilreport.com/news/iraq-turkey-arbitration-moves-one-step-closer-to-final-ruling-45433/
36. Iraqi oil report. (2023), Iraq’s arbitration win reshapes Baghdad-Erbil relationship. Available at: https://www.iraqoilreport.com/news/analysis-iraqs-arbitration-win-reshapes-baghdad-erbil-relationship-45659/
37. Iraqi oil report. (2022). Kurdistan appeals Baghdad ruling against IOCs. Available at: https://www.iraqoilreport.com/news/kurdistan-appeals-baghdad-ruling-against-iocs-45097/
38. Reuters ،November 2022 ، Iran's Revolutionary Guards hit Kurdish Iranian group in Iraqi Kurdistan - Tasnim. Reuters. derived from: https://www.reuters.com/world/middle-east/irans-revolutionary-guards-hit-kurdish-iranian-group-iraqi-kurdistan-tasnim-2022-11-22/
39. Rockets, (October 2022). target Khor Mor gas field in Iraq's Kurdistan, operations not affected. Reuters. derived from:

https://www.reuters.com/world/middle-east/missiles-target-khor-mor-gas-field-iraqs-kurdistan-sources-2022-10-12/
40. Rudaw. (January. 2023). Russia committed to 'historic' relations with Kurdistan Region, says consul general. Rudaw Media. Available at: https://www.rudaw.net/english/interview/02012023
41. Sirwan, K. (2019, November 19). Ethnic Cleansing is not the answer to the Kurdish question. Retrieved from The Jerusalem Post. available at: https://www.jpost.com/opinion/ethnic-cleansing-is-not-the-answer-to-the-kurdish-question-608051
42. U.S. (16 January 2023). Embassy & consulate. . U.S. Government Delegation Meeting with Iraqi Prime Minister al-Sudani. Official website of the U.S. Embassy & consulate in Iraq. Available at: https://iq.usembassy.gov/u-s-government-delegations-meeting-with-iraqi-prime-minister-al-sudani/

### ٣-سەرچاوە عەرەبی و کوردییەکان

35-فرست، أحمد، (٢٠٢٢). سيرة أزمة قانون النفط والغاز (خقائق موثقة للتأريخ). مجلة العقد الإجتماعي- مركز بحوث القانونية. العدد(٤)..
36-وەقايعی كوردستان. ياسای ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٢٢- ياسای هەمواری ياسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان- عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧. ژمارە(٢٨٨). (٢٠٢٢). لا ١١.
37- الحريري, جاسم.٢٠١٧، الدور الخليجي في الملف الكردي في العراق بعد٢٠٠٣. مركز دراسات الوحدة العربية.. موجمدة على الرابطة: https://caus.org.lb/ar/home

الخلاصة

يواجه أمن الطاقة في إقليم كوردستان العديد من التحديات المحلية والإقليمية والدولية. وضع هذا إدارة موارد النفط والغاز في إقليم كردستان في معادلة سياسية واقتصادية غير مؤكدة. على الرغم من تطورات الاستثمار والتجارة في النفط والغاز في اقليم كوردستان، ومع ذلك ، واجه أمن الطاقة في إقليم كوردستان العديد من التحديات، بسبب وجود العديد من الصراعات والمصالح والتفاهمات المختلفة بين القوى المحلية والإقليمية والدولية. تهدف هذه الدراسة إلى قراءة وتقييم الظروف والتحديات التي تهدد أمن الطاقة في إقليم كوردستان، ومن ثم تحليل تأثيرها على سيادة إقليم كوردستان من خلال نظرية مجمع الأمن الإقليمي. ونتائج هذه الدراسة بالإضافة إلى بيان دور الأطراف والجهات الفاعلة المؤثرة في كيفية إدارة وتطوير قطاع الطاقة في إقليم كوردستان. وفي الوقت نفسه، يعكس خطر تقليص مستوى سيادة واستقلال حكومة إقليم كوردستان والأحزاب السياسية المحلية في إقليم كوردستان على أراضي الإقليم وقطاع الطاقة فيه. بناء على نتائج هذه الدراسة ، هناك علاقة ديناميكية ومتبادلة بين أمن الطاقة والسيادة الإقليمية لإقليم كوردستان.

**الكلمات المفتاحية:** أمن الطاقة، النفط والغاز، الصراعات الإقليمية، حكومة إقليم كردستان، بغداد، الولايات المتحدة الأمريكية وروسيا، إيران، تركيا، الحشد الشعبي.